شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ کیمیاییبارانی شاری هەڵەبجە و کاریگەری لەسەر قەبارەی دانیشتوانەکەی

تحليل جغرافي للقصف الكيميائي لمدينة حلبجة وأثره على حجم سكانها

Geographical analysis of the chemical bombardment of the city of Halabja and its impact on the size of its population

هەورامان کەمال میرزا [1]، عادل سدیق علی [2]، مقداد عومەر عەبدوڵلا [3]
[1] بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، وەزارەتی پەروەردە، هەرێمی کوردستان، عێراق
[2] بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق
[3] بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: Hawraman.kamal1981@gmail.com

پوختەی توێژینەوە

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە(شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ کیمیاییبارانی شاری هەڵەبجە و کاریگەری لەسەر قەبارەی دانیشتوانەکەی)، شوێنی توێژینەوەکە شاری هەڵەبجەیە لە ساڵی ١٩٨٨، وەك هەڵکەوتەی جوگرافی دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی عێراق و خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان و سەنتەری پارێزگای هەڵەبجە، گرنگی توێژینەوەکە بریتییە لە دەرخستنی ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر قەبارەی دانیشتواندا دێت، بەهۆی کاریگەری پرۆسە سەربازییەکان لەنێویاندا بۆمباران بە چەکی کۆکوژی لە ناوچەی توێژینەوە دەگرێتەوە.

وشە کلیلییەکان: هەڵەبجە، شوێنی جوگرافی، بۆمبی کیمیایی، کاریگەری، قەبارەی دانیشتووان

گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە بایەخی داوە بەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر ناوچەی دانشتووانی ناوچەکە هاتوون لە دوای ڕووداوەکە، بەهۆی کاریگەری پرۆسە سەربازییەکان لە نێویاندا بۆمباران بەچەکی کۆکوژی لە ناوچەی توێژینەوە.

ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕووی دابەشبوونی جوگرافییە بۆ ئەو بۆمبە کیمیاییانەی کە لە ١٦ی ئازاری ١٩٨٨ لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی حکومەتی عێراقەوە بەسەر ناوچەکەدا بەردراونەتەوە، پاشان کاریگەری لەسەر قەبارەی دانیشتووان و کۆچکردن و ئاوارەبوونی دانیشتوانەکەی بۆ دەرەوەی ناوچەکەی خۆیان، بەتایبەتی بۆ وڵاتی ئێران.

گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات	
DOI Link	http://doi.org/10.32410/huj-10727
ڕێکەوتەکان	ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٤/١٠/١٣ | ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٥/٢/٢٤ | ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/١١/٥
ئیمەیلی توێژەر	Hawraman.kamal١٩٨١@gmail.com
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە	©٢٠٢٥ د.هەورامان کەمال میرزا ، پ.ی.د. عادل سدیق علی ، د.مقداد عومەر عەبدوڵلا ، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0

میتۆدی توێژینەوەکە: سرووشتی توێژینەوەکە وادەخوازێت سود لە هەردوو میتۆدی وەسفی و شیکاری وەربگیرێت.

پێکهاتەی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە دابەشکراوە بۆ سێ باسی سەرەکی، باسی یەکەم تەرخانکراوە بۆ ناساندنی ناوچەی توێژینەوەکە و زانیاری لەسەر چەکی کیمیایی و ئەو جۆرانەی کە بەکارهاتوون لە شاری هەڵەبجە، لە باسی دووەمیشدا ئاماژە بە گەشەی دانیشتووان کراوە، هەرچی باسی سێیەمە بۆ دابەشبوونی جوگرافی بۆمبە کیمیاییەکان و کاریگەری لەسەر قەبارەی دانیشتووانی شاری هەڵەبجە تەرخانکراوە.

دەرئەنجامی توێژینەوەیەکە: بەپێی توێژینەوەکە دەرکەوتووە کە زۆرترین بۆمبەکان ئاڕاستەی ناو شاری هەڵەبجە کراون و بەشێکیشیان بەر ڕێگا سەرەکییەکانی دەرچوون و گوندەکانی دەوروبەری کەوتوون، ئەوەش بووەتە هۆی شەهیدبوون و بریندارببوونی هەزاران کەس و ئاوارەبوونی دەیان هەزاری دیکە لە خەڵکی شارەکە و ناوچەکە بۆ دەرەوەی ناوچەکەی خۆیان بەتایبەت بۆ ئێران.

لەکۆتاییشدا، باسمان لە کاریگەری بۆمبە کیمیاییەکان و پاشماوەکانیان لە دوای ساڵی ١٩٨٨ کردووە، کە بوون بەهۆی وێرانبوونی شارەکە و کەمبوونەوەی قەبارەی دانیشتوانی شارەکە، ئەویش بەهۆی ئەو ترس و دڵەڕاوکێیانەی کە هاوڵاتیانی ناوچەکە هەیانبوو بەرانبەر بە پاشماوە شوێنەوارییەکانی ئەو چەکانە، یاخود لەبەر هەر هۆکارێکی تر توانای گەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان نەبوو.

Abstract

The title of this study is)Geographical analysis of the chemical bombardment of the city of Halabja and its impact on the size of its population(، and the site of the study is the city of Halabja in 1988، as a geographical location located in northeastern Iraq، east of the Kurdistan region، and the center of Halabja governorate. Due to the effectiveness of military operations، including bombing with weapons of mass destruction، they are in the field of research.

The importance of the study lies in determining the changes that occur in the size of the population due to the impact of military operations، including bombing with weapons of mass destruction، in the field of research.

The purpose of this study is to show the geographical distribution of bombs dropped by Iraqi government warplanes on the region on March 16، 1988، and how they affected the size of the population and the migration and displacement of its population outside their territory، especially to Iran.

Research methodology is the nature of research that seeks to make use of descriptive and analytical methods.

The structure of the research is divided into three main axes: the first topic is dedicated to determining the field of research and information about chemical weapons and their types used in the city of Halabja، in the second axis we refer to population growth، and the third topic is the geographical distribution of chemical bombs and their effects.

The results of the study found that most of the bombs were aimed at the city of Halabja and some hit the main exit roads and surrounding villages، causing the death and injury of thousands of people and the displa-

cement of tens of thousands of people from the city and the region outside their areas. Finally، we discussed the impact of chemical bombs and their remnants after 1988، which led to the destruction of the city and the decline in the size of the city's population، due to the fears and fears of the residents of the area about the remains of these archaeological sites، or because they were unable to return to their homeland for any other reason.

Keywords: Halabja، Location of Geography, Chemical Bomb، Impact، Population Size

الملخص

عنوان هذه الدراسة هو (تحليل جغرافي للقصف الكيميائي لمدينة حلبجة وأثره على حجم سكانها)، وموقع الدراسة هو مدينة حلبجة عام ١٩٨٨، كموقع جغرافي يقع في شمال شرق العراق، وشرق إقليم كردستان، ومركز محافظة حلبجة. بسبب فعالية العمليات العسكرية، بما في ذلك القصف بأسلحة الدمار الشامل، فهي في مجال البحث.

تكمن أهمية الدراسة في تحديد التغيرات التي تحدث في حجم السكان بسبب تأثير العمليات العسكرية، بما في ذلك القصف بأسلحة الدمار الشامل، في مجال البحث.

الغرض من هذه الدراسة هو إظهار التوزيع الجغرافي للقنابل التي ألقتها الطائرات الحربية الحكومية العراقية على المنطقة في ١٦ مارس ١٩٨٨، وكيف أثرت على حجم السكان وهجرة وتهجير سكانها خارج أراضيهم، وخاصة إلى إيران.

منهجية البحث هي طبيعة البحث الذي يسعى إلى الاستفادة من الأساليب الوصفية والتحليلية.

ينقسم هيكل البحث إلى ثلاثة محاور رئيسية: الموضوع الأول مخصص لتحديد مجال البحث والمعلومات حول الأسلحة الكيميائية وأنواعها المستخدمة في مدينة حلبجة، وفي المحور الثاني نشير إلى النمو السكاني، والموضوع الثالث هو التوزيع الجغرافي للقنابل الكيميائية وآثارها.حارب أهل المدينة.

ووجدت نتائج الدراسة أن معظم القنابل كانت موجهة إلى مدينة حلبجة وبعضها أصاب طرق الخروج الرئيسية والقرى المحيطة بها، مما تسبب في مقتل وإصابة آلاف الأشخاص وتشريد عشرات الآلاف من المدينة والمنطقة خارج مناطقهم. وأخيرا، ناقشنا تأثير القنابل الكيميائية وبقاياها بعد عام ١٩٨٨، والتي أدت إلى تدمير المدينة وتراجع حجم سكان المدينة، بسبب مخاوف ومخاوف سكان المنطقة من بقايا هذه المواقع الأثرية، أو لعدم تمكنهم من العودة إلى وطنهم لأي سبب آخر.

الكلمات المفتاحية: الموقع، الموقع، القنبلة الكيميائية، التأثير، حجم السكان

پێشەکی

شاری هەڵەبجە یەکێکە لە شارە دێرینەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق، لە سەرەتای دروستبونییەوە پێگەیەکی گرنگی هەبووە و رۆڵێکی گەورەی لە بزاڤی ڕزگاریخوزی کورددا بینیوە، لەو پێناوەشدا ڕووبەڕووی چەندین ڕوداوی نەخوازراو و تراژیدیا بووەتەوە، ئەوەش کاریگەری خراپی لەسەر دانیشتوانەکەی جێهێشتووە، لەنێویاندا کیمیاییباران کردنی شارەکەیە بە چەکی کیمیایی لە ئازاری ١٩٨٨ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، ئەم تاوانە کاریگەری خراپی لەسەر شارەکە و دەوروبەری هەبووە و بووە بەهۆی شەهیدبوون و بریندارببوون و ئاوارەبوونی دەیان هەزار کەس لە خەڵکی شارەکە، ڕووەداوەکە کاریگەری قوڵ و درێژمەودای لە دوای خۆی بەجێهێشتووە، بەتایبەتی لەسەر کەمبوونەوەی قەبارەی دانیشتوانەکەی، چونکە دوای ڕووداوەکە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانەکەی نەگەڕانەوە بۆ شارەکەیان، ئەوە سەرباری ئەوەی ژێرخانی ئابووری شارەکەشیان بەتەواوی وێران ببوو، ئەوانەشی کە گەڕانەوە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دەرفەتی گەڕانەوەیان بۆ ڕەخسا و هەوڵی ئاوەدانکردنەوەیان شارەکەیاندا.

هەڵەبجە بە بەردەوامی ژمارەو ڕێژەی دانیشتوانەکەی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، جگە لە هۆکارە سروشتییەکان، ڕووداوی کیمیاییبارانی شارەکە هۆکارێکی سەرەکیی و گەورە بووە بۆ کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوانەکەی.

کێشەی توێژینەوە: کێشەی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە چەند پرسیارێکدا، ئەوانیش:

١- ئایا بۆمبە کیمیاییەکان کەوتوونەتە نێو شاری هەڵەبجە؟

٢- قەبارەی ئەو زیانانە (قوربانی و ئاوارە) چەندن کە بۆمبە کیمیاییەکان بە دانیشتووانی ئەم شارەیان گەیاندووە؟

٣- ئایا بۆمبە کیمیاییە بەکارهێنراوەکان کاریگەریان لەسەر کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوانی شارەکە هەبووە؟

گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە وەك وەڵامێك بۆ کێشەی توێژینەوەکە بریتین لە:

١- بەشێکی زۆری بۆمبەکان لەنێو شارەکەدا بەردراونەتەوە.

٢- بۆمبە کیمیاییەکان بوون بەهۆی شەهیدبوون و بریندارببوون و ئاوارەبوونی دەیان هەزار کەس لە خەڵکی شارەکە.

٣- بۆمبارانکردنی شارەکە بەو بۆمبە کۆمەڵکوژییانە بووە بەهۆی کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوانی شارەکە.

گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە، قەبارەی ئەو گۆڕانکارییانە نیشان دەدا، کە دوای ڕووداوەکە بەسەر ژمارەی دانیشتوانی شارەکەدا هاتووە، بەهۆی کاریگەری پڕۆسە سەربازییەکان لەنێویاندا بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ لە ناوچەی توێژینەوەکە، چونکە بەهۆی بەکارهێنانی ئەو چەکەوە لە ماوەیەکی کەمدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شارەکە بوونەتە قوربانی.

ئامانجی توێژینەوەکە: ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕووی دابەشبوونی جوگرافییە بۆ ئەو بۆمبە کۆمەڵکوژییانەی کە لە ١٦ی ئازاری ١٩٨٨ لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی حکومەتی عێراقەوە بەسەر ناوچەکەدا بەردراونەتەوە، پاشان کاریگەری لەسەر قەبارەی دانیشتوان و کۆچکردن و ئاوارەبوونی دانیشتوانەکەی بۆ دەرەوەی ناوچەکەی خۆیان، بەتایبەتی بۆ وڵاتی ئێران.

میتۆدی توێژینەوەکە:

سرووشتی توێژینەوەکە وادەخوازێت سود لە هەردوو میتۆدی وەسفیی و شیکاری وەربگیرێت.

پلانی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە دابەشکراوە بۆ سێ باسی سەرەکی، باسی یەکەم تەرخانکراوە بۆ ناساندنی ناوچەی توێژینەوەکە و چەمک و زاراوەکان، لە باسی دووەمیشدا قسە لە دابەشبوونی جوگرافی ئەو بۆمبە کۆمەڵکوژییانەی بەرناوچەکە کەوتوون و ئاڕاستەکانی ئاوارەبوونی دانیشتوانەکەی دەکەین، هەرچی باسی سێیەمە، تەرخانکراوە بۆ شرۆڤەی کاریگەری بۆمبەکان لەسەر قەبارەی دانیشتوانی شارەکە.

باسی یەکەم: ناساندن و زانیاری ئەو چەکە کیمیاییانەی لە شارەکەدا بەکارهاتوون:

تەوەرەی یەکەم: ناساندنی ناوچەی توێژینەوە:

بۆ لێکۆڵینەوە لە هەر شار و ناوەندێکی ئاوەدانی، سەرەتا پێویستە ناساندن و هەڵسەنگاندن بۆ تایبەتمەندییە سروشتییەکانی شوێن و پێگەی شارەکە بکەین.

شوێن و پێگەی شاری هەڵەبجە:

دەتوانین بڵێین، شوێن و پێگە بەڕەگەزێکی گرنگ و بایەخدار دادەنرێت بۆ توێژینەوە لەسەر شار و ناوەندە شارستانییەکان، بەوپێیەی پەیوەندییەکی بەهێز و گرێدراو لە نێوان شوێن و پێگەدا هەیە، ناکرێت لەکاتی توێژینەوە لە شار و ناوەندە ئاوەدانەکان لەبەرچاو نەگیرێن، چونکە شوێنی جوگرافی بەیەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردن و پەرەسەندنی شارەکان دادەنرێت. ڕوونتر بڵێین، پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان شوێن و شاردا هەیە، ئەمەش وادەکات هەریەکەیان کاریگەری لەسەر ئەوی تریان هەبێت. کەواتە پەیوەندییەکی بەردەوام و ئاڵوگۆڕکار لە نێوان شوێنی جوگرافی و پێگەی شاردا هەیە، لەبەرئەوە شارەکان بۆ بەردەوامیدان بە مانەوە و گەشەکردنیان پێویستییان بە شوێنەکانی دەوروبەریان هەیە. کەواتە بوونی شوێنێکی گونجاو لەگەڵ دەوڵەمەندی بە ڕەگەزە سرووشتیی و مرۆییەکان و هۆکارەکانی تر یارمەتیدەرن بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئاوەدانی شار و دەرکەوتنی وەك ناوەندێکی شارستانی، تاڕادەی بوون بە ناوەند یان سەنتەرێك بۆ چەندین نیشینگەی مرۆیی دەوروبەری خۆیان.

سەبارەت بە شوێنی جوگرافی شاری هەڵەبجە، شوێنێکی گرێیی هەیە، کە لە دامێنی چیایدا هەڵکەوتووە و درێژبووتەوە بۆ ناوچەیەکی نزمتر لە چیا، کە پێی دەڵێن دەشتی شارەزوور. لەڕووی شوێنی سرووشتی جوگرافییەوە، شوێن بایەخێکی گرنگی هەیە و ڕەنگدانەوەی لەسەر تایبەتمەندییە سرووشتیی و چالاکییە مرۆییەکانی دانیشتوان دەبێت.

شاری هەڵەبجە دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی عێراق و خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان و ناوەندی پارێزگای هەڵەبجەیە، لە باکوور و باکووری خۆرهەڵاتەوە بە دەشتی شارەزوور دەورە دراوە، چیای شنرۆ لە بەشی خۆرهەڵات و لە باشوورەوە چیای باڵامبۆ و ڕووبارى سیروان و دەریاچەی دەربەندیخانیش دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوایەوە.


لەڕووی سیاسییەوە، شوێنێکی کەناریی و سنوری لەسەر ئاستی قەزا و پارێزگا و هەرێمی کوردستان هەیە دووری لە سنووری ئێران لە تەوێڵە (٣٢کم)، چونکە کەوتووەتە سەر سنووری هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتی ئێران. لەڕووی کارگێریشەوە شاری هەڵەبجە ناوەندی کارگێڕی پارێزگای هەڵەبجەیە، کە یەکێکە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان. لەسەر ئاستی پارێزگاش هەڵکەوتەی جوگرافی شارەکە بەجۆرێکە کەوتووەتە باشووری پارێزگاکە، لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە ناحیەی بیارەیە، لە باکووەوە ناحیەی خورماڵە، لە باکووری خۆرئاواوە ناحیەی

سیروانه، له باشوور و باشووری خۆرئاواوه ناحیەی بەمۆیە، له باشوور و باشووری خۆرهەڵاتەوه هاوسنوره لەگەڵ وڵاتی ئێران وەك له نەخشەی (١)دا دیاره.

سەبارەت به پێگه، یەکەم هەنگاو که جوگرافیناسانی شار گرنگی پێ دەدەن بریتییه له: لێکۆڵینەوه له تایبەتمەندییەکانی پێگەی شار و نیشنگه مرۆییەکان. ئەمەش هەموو ڕواڵەتە سروشتییەکانی پێگەی شارەکه وەك مانەوه و نیشتەجێبوون تیایدا دەگرێتەوه. سەبارەت به پێگەی فەلەکی، بریتییه له شوێنی شارەکه بەگوێرەی بازنەکانی پانی و هێڵەکانی درێژی، بەجۆرێك شارەکه کەوتووەته نێوان هەردوو بازنەی پانی("٣٢ ١٢' ٣٥° و "٢٠ ٩' ٣٥°) باکوور و نێوان هێڵی درێژی("٤٦ ١' ٤٦° و "١٠ ٥٧' ٤٥°) خۆرهەڵات. ئەم شوێنەی کاریگەری لەسەر ئاووهەوای شارەکه و ئەو ئەتمۆسفیرانەی هەڵدەکاته سەر ناوچەکه وەك له نەخشەی (١) دیاره، دەکات.

بەرزی ناوەندی شارەکه له نێوان (٧٧٧م) دایە(بەکارهێنانی فایلی دیمی(١٢,٥مەتر) بەرزونزمی شارەکه) و هەتاوەکوو به ئاڕاستەی باشوور و خۆرهەڵاتی شارەکه بڕۆین له ئاستی ڕووی دەریاوه زیاتر بەرزدەبێتەوه. لەڕووی ئاووهەواوه بەپێی وێستگەی کەشناسی هەڵەبجه تێکڕای پلەی گەرمی ساڵانەی دەگاته (٢٠,٩س)، بڕی بارانی ساڵانەشی دەگاته (٦٧٣,٨ملم). دووری شارەکه له شاری سلێمانییەوه (٧٣کم) و دووری له مەرزی شوشمێ- تەوێڵه (٣٢کم) و دووری له مەرزی سازان(١٦کم)ە، که دەکەوێته سەر ڕووباری سیروان. ژمارەی گەڕەکەکانی شارەکه له ساڵی ١٩٨٨(١٤) گەڕەک بووه، کۆی ڕووبەری شارەکەش گەیشتووەته (٤٢٠,٨٧) هێکتار.

نەخشەی(١) شوێنی جوگرافی شاری هەڵەبجه بەپێی عێراق و هەرێمی کوردستان و پارێزگای هەڵەبجه



کاری توێژەران پشتبەست بە:-

حداد، هاشم یاسین حمد أمین، ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستان و عێراق و جیهان، چ١، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٠ ؛ حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری، ٢٠٢٤ ؛ وەزارەتی شارەوانیی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی پارێزگای هەڵەبجە، سەرۆکایەتی شارەوانی هەڵەبجە، نەخشەی بڵاونەکراوە، ٢٠٢٤ ؛ عەبدوڵڵا، مقداد عمر، ئەتڵەسی پارێزگای هەڵەبجە، چ١، له بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی دۆستانی هەڵەبجە، چاپخانەی ڕێدار، ٢٠٢١، ل٥٣ ؛ بەکارهێنانی بەرنامەیGis10,8

لە ساڵی ٢٠٢٤ ژمارەی گەڕەکەکانی شار گەیشتووەتە(٤٣) گەڕەک، کۆی ڕووبەری سنووری شارەوانی هەڵەبجە لە ساڵی (٢٠٢٤) دەگاتە (٢٤١٥,٢) هێکتار بڕوانە نەخشەی(١). شارەکە ناوەندێکی سەرەکییە بۆ چالاکییە جۆراوجۆرەکانی وەك وەزیفەی کارگێڕیی و خزمەتگوزاریی و ئابووریی و بازرگانی و ڕۆشنبیری، کە خزمەتی دانیشتوانی شارەکە و هەرێمەکەی دەکات هەتا ئەو شوێنەی کە توانای خزمەتکردن و دەستبەسەراگرتنی لەڕووی وەزیفە جیاوازە شارستانییەکان هەیە.

لەژێر ڕۆشایی ئەم ڕوونکردنەوەدا دەکرێت بڵێین، پێگەکەی گرنگیی و بایەخی زۆری بەخشیووەتە شاری هەڵەبجە، بەجۆرێک لەڕووی ئاوەدانییەوە بەخێرایی بە ئاڕاستەی گەشەکردن بەرەوپێش چووە، ئەوەش کاریگەریی گەورەی لەسەر ژینگە و سیمای شارستانی شارەکە هەبووە.

تەوەرەی دووەم : جۆری ئەو چەکە کیمیاییانەی لە هەڵەبجە بەکارهاتوون:

لەگەڵ دەستپێکردنی یەکەم بۆردومانی کیمیاییدا دەنگی تەقینەوەی بۆمبەکانیش گۆڕانیان بەسەردا هات، بۆمبە کیمیاییەکان بەپێچەوانەی دەنگی بۆمبەکانی پێشووتر، دەنگیان کپ و نەرم بوو، دەگەیشتنە بەرگوێ خەڵکی، هەربۆیە خەڵکی پێیانوابوو، کە ئەو بۆمبانە لەکارکەوتوون و ناتەقنەوە، بێئاگا لەوەی، کە ئەوانە بۆمبی کیمیایین. بە تەقینەوەی ئەو بۆمبانە ڕە نگەکانی سوور و سپی و پرتەقاڵی تێر سێبەرێکی چڵکنیان بۆ ئاسمانی شارەکە دروست دەکرد، بۆنی سێو و میوەی بۆگەن و ئاوەڕۆ و ئاوی گەڕاو تێکەڵ بە یەك بوون و بڵاوبوونەوە. فرۆکە جەنگییەکانی عێراق لەو هێرشەدا تێکەڵەی گازی جۆراوجۆریان بەکارهێنا، کە هەریەکەیان لە کاریگەریدا لەوی دیکەیان کوشندەتر بوو، بەوتەی د.کریستن گۆزدن(Christine Gosden) سەدام بەتایبەتی تێکەڵەی ئەو گازانەی بۆ هەڵەبجە ناردبوو.

سەرەتایەك لەسەر چەکی کیمیایی :- ئەو زانیاریانەی کە لە خوارەوە ئاماژەی پێ دەدەین دەربارەی چەمك و پێناسەکانی پەیوەندیدار بە ماددە کیمیاییەکان و پێکهاتەکان و ماوەی مانەوە و پۆلێنکردن و خاسیەتە جەستەیی و سایکۆلۆژییەکان و کاریگەری لەسەر مرۆڤ و نیشانە سەرەکییەکان، بۆ توێژینەوەکە جێگای بایەخن.

١- ماددە کیمیاییەکان:- ئەو ماددانەن کە لە بواری سەربازیدا بەکاردەهێنرێن و ئامانج لە بەکارهێنانیان کوشتن و بریندارکردن و مەترسی دروستکردن و لە پەل و پۆخستنی دەستە سەربازییەکانن. ئەم پێناسەیە هەموو ئەو ماددە کیمیاییانە دەگرێتەوە کە کاریگەری لەسەر: خوێن، دەمارەکان، پێست، خنکاندن دروست دەکەن. ماددە کیمیاییەکان بەپێی کاریگەریان بۆ دوو بەش پۆلێن دەکرێن:

أ- ماددە کیمیاییە ژەهراوییەکان:- ئەو ماددانەن کە دەبنە هۆی مردن و بریندارکردنی مەترسیدار، کاتێك بە چڕی بەکاردەهێنرێن.

ب- ماددە کیمیاییە بێتواناکەرەکان(معوق):- ئەو ماددانەن کە کاریگەری دەروونی دروست دەکەن، کاریگەرییەکەش لەوانەیە بۆ چەند سەعاتێك، یان چەند ڕۆژێك بمێنێتەوە، کە بەرکەوتە وا لێدەکات نەتوانێت بە کاروچالاکی خۆی هەستێت.

ماددە کیمیاییە ژەهراوییەکان دابەش دەبن بۆ دوو جۆر ئەوانیش بریتین لە:-

١- گازە دەمارییەکان(أعصاب):- ئەم جۆرەیان لە کیمیاییبارانی هەڵەبجەدا بەڕێژەیەکی زۆر بەکارهاتووە، لەو جۆرە گازە کیمیاییانەیە کە زۆرترین بڕی گازی کوشندە و ژەهراوی تێدایە، گازەکە پێش جەنگی دووەمی جیهانی دروستکراوە و بەگازە سەربازییەکان دادەنرێت، گازە ژەهراوییە سەرەکییەکانی دەمار بریتین لە :

أ- گازی (تابونGB) ،(GA سارین) و (GDسۆمان)، بەشێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە گازانە پێکهاتەیان شلەمەنی بێ ڕەنگە بۆ مەیلەو قاوەیین، بەنزیکەیی هەمان پێکهاتە و خۆڕاگری ئاویان هەیە.

ب- گازیvx: ئەمیش جۆرێکە لە گازی ژەهراوییە دەمارییەکان، کە شلەمەنییەکی چەوری مەیلەو زەردە و هەمان پێکهاتەی ڕۆنی مەکینەی هەیە، ئەگەر بەشێوەیەکی پوخت بوو(Pure) ئەوا بۆنیان نییە، ئەگەر پوخت نەبوو ئەوا بۆنی میوەی لێ دێت.

ئەم جۆرە گازە کیمیاییانە کاریگەرییەکەیان لە ڕێگەی هەڵمژینی لوت، یان دەم، یان قوتدان، یان هەڵمژینی لە ڕێگەی پێستەوە دەبێت،

ڕێژەی کاریگەری بەجۆرێکە ئەوانەی هەڵدەمژرێن لە ڕێگەی لوت و دەم، یان بەرچاو دەکەوێت و دەبێتە هۆی دەرکەوتنی نیشانەکانی و لە ماوەی ٢- ٥ خولەك و، ئەگەری کوشتنی بەرکەوتەکەی لە ماوەی (١٥) خولەکدا هەیە، ئەگەر بڕێکی کوشندە بەکارهات. ئەم گازەی لە ڕێگەی پێستەوە هێواشتر دەردەکەوێت ئەگەر بڕێکی بەر کەسەکە بکەوێت، بەڵام ئەگەر بڕێکی زۆری بەرکەوت ئەوا لە ماوەی ١-٢ کاتژمێردا دەبێتە هۆی مردنی کەسەکە.

بەگشتی گازە دەمارییەکان بەهۆی خێرا بڵاوبونەوەیان و هەڵمژینیان بە مەترسیدار دادەنرێن، چونکە وادەکات بۆماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە، وەك گازێکی ترسناك بڕی ٢-١٠ گرام لێ، جا لە ڕێگەی پێستەوە بێت یاخود هەڵمژین و قوتدان (بەمانای ٢- ١٠ هەزاری لە گرامێکدا) بەسە بۆئەوەی بەرکەوتەکەی پێ بمرێت.

گرنگترین نیشانەکانی کاریگەری گازە ژەهراوییە دەمارییەکان بریتییە لە:(بچووکبوونەوەی بیلبیلەی چاو، کە وەك سەرە دەرزییەکی لێ دێت، قورسبوونی هەناسەدان، لیك ڕژان، ئارەقکردنەوەی زۆر، هێلنجدان،شڵەژان و لەرزینی ماسولکەکان، گەشکە و لەهۆش خۆچوون و بورانەوە(کۆما)).

٢- گازی ژەهراوی بڵقی سەرپێست: ئەم جۆرە گازانە بەگشتی بڵقی سەر پێست دروست دەکەن، یان پێست دەسوتێنن، بەر هەر بەشێکی جەستەی مرۆڤ بکەوێت، زیان بە بۆری هەناسەدان و کۆئەندامی هەناسەدانی دەگەیەنن، ئەگەر هەڵمژرێت دەبێتە هۆی ڕشانەوە و سکچوون، بەتایبەتی کاتێك بچێتە ناو گەدەی کەسەکەوە. ئەم جۆرە لە گاز توانای بڵاوبونەوەی نییە، بەڵکو ڕاستەوخۆ کەسەکە گازەکەی بەردەکەوێت، بەوهۆیەشەوە مەترسی لەسەر ژیانی دروست دەکات، گرنگترین جۆری گازەکانی بڵقی سەرپێست ئەمانەن:

أ- HD و H: جۆرێکن لە گازی بڵقی سەرپێست، لە شلەمەنیی بێ ڕەنگەوە هەتا دەگاتە قاوەیی تۆخ، چڕییەکەی وەك دۆشاوی شەکر وایە، بەهۆی بوونی ماددەی سولفۆردا بۆنی سیر، یان تووری تێژیان لێ دێت و بەشداردەبن لە ژەهراویبوون بۆ ماوەیەکی درێژ.

ب- HN: بریتییە لە شللەمەنییەکی بێ ڕەنگ هەتا دەگاتە زەردەڵگەراو، کەمێك لە ئاو چڕترە و بۆنی ماسی لێ دێت.

ج- گازە زەرنیخییەکان(ED و MD و PD و L): بریتین لە کۆمەڵە پێکهاتەیەك بەیەکەوە، هەموویان شلەمەنی بێ ڕەنگ هەتا قاوەیین و چڕییان لە چڕی ئاو زۆرترە، هەموویان بێ بۆنن کاتێك پوختن، جگە لە گازی(L) کە بۆنی (مسك)ی لێ دێت.

د- CX: ئۆگریمی فۆسفین، یەکێکە لە گازە ژەهراوی و هەرە توند و هەراسانکەرەکان، بێ ڕەنگە و بلوری ڕەقن، لە پلەی گەرمی بەرزدا دەبێتە شلەمەنییەکی بێ ڕەنگ و ناجێگیر و بەهۆیەوە لەگەڵ ماددەی تردا تێکەڵ دەکرێت.

نیشانەکانی گازی ژەهراوی سەرپێست بە جۆرێکە هەریەکە لەگازی Hو HDو HN نیشانەکانیان لە ٦- ١٢ کاتژمێر دەردەکەون. گازی (سار) یش گازێکی هەراسانکەر و بێزاربوونی خێرای دەبێت، ئەگەر بەر پێست بکەوێت، بڵقی سەر پێست دوای ١٣ کاتژمێر دەردەکەوێت و لە دوای یەك خولەکیش لەبەرکەوتنی چاو کوێربوونی هەمیشەیی لێ دەکەوێتەوە.

EDیش گازێکی هەراسانکەر و بێزارکەرە، ڕاستەوخۆ لە دوای یەك خولەك کاریگەرییەکانی لەسەر لوت و پەردەکانی لوت دەردەکەوێت. دروستبوونی بڵقی سەر پێست دوای ١٢ کاتژمێر. MD، کاریگەری لەسەرچاو و لوت دەبێت و بڵقی سەر پێست دوای ١٢ کاتژمێر دەردەکەوێت. PD هەمان کاریگەری MD هەیە بۆ چاو، بەڵام ڕشانەوە و بڵقی سەر پێستی دوای نیو کاتژمێر دەردەکەون. CX گازێکی بێزارکەرە بۆ پێست و چاو و لوت و پەردەی لوت، لە ماوەی ٣٠ چرکەدا کاریگەرییەکەی دەردەکەوێت. جۆری HNو HDو H بۆ ماوەی چەندین ساڵ کاریگەرییان دەمێنێتەوە، بەڵام جۆرەکانی CXو L و PDو EDو MD کاریگەرییان کاتییە.

کەواتە گازە دەمارییەکان و گازەکانی بڵقی سەر پێست گازی خنکێنەر و ژەهراوین و لە گرنگترین و مەترسیدارترین ئەو چەکە کیمیاییانەن، کە لە کیمیاییبارانکردنی هەڵەبجەدا بەکارهاتوون

(For official use only، Navy EODB،Army TM Air for E to 60A- 1-1-11،p5-55

٢- چەکی وێرانکەریش لە جۆری بۆمبی تەقەمەنی بەرز (General Purpos old style (Gops کە جۆرە بۆمبێکی ڕووسییە لە سەرەتا

بەکارهاتوو، کە ئامانج لێ ترساندنی خەڵك و وێرانکردنی بینا و باڵەخانەکان بووە.

جۆرێکی تر لە بۆمبی تەقەمەنی بەرزی پارچەدار، کە لەکاتی بەکارهێنانیدا دەبێت بە چەند پارچەیەك و لە بۆردوومانی هەڵەبجەدا بەکارهاتووە، بریتییە لە General purpose cofab، هەروەها بۆمبی هێشوویی و ڕووسی بەکارهاتووە، کە ئامانج لێی کوشتنی خەڵك بووە و بە R B K 500 Kilo ناسراوە.

Iraq ordnance dentification Guideg prepayed by naval explosive Ordnance Tectnvo fogy Division، Sponsared by OSD، DSCA)

زۆربەی بۆمب و تەقەمەنییە بەکارهاتووەکان قورساییان نزیکەی ٥٠٠کگم بووە، هەموو ئەم چەکانە لە پێش ڕشتنی چەکە کیمیاییەکان لە هەڵەبجە بەکارهاتوون، کە ئامانج لێیان ترساندنی خەڵك و وێرانکردنی بینا و باڵەخانەکان و بوار نەدان بە هەڵهاتن بووە و دواتر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بۆئەوەی لەدوای بەکارهێنانیان زۆرترین کەس بەهۆی چەکە کیمیاییەکانەوە ببێتە قوربانی.

،(Hand book of Ammunition used، in Iraq and surrounding aras، prepared by foreign ordnance branch، u.s.army Armament Research، Newjersey،October 2005،revision 5.)

چاوپێکەتنی توێژەران لەگەڵ بەڕێز جەمیل کەمال لە شاری سلێمانی، پسپۆڕی چارەسەرکردن و لەناوبردنی زەخیرە و چەکی جەنگی، ڕاهێنراوی پلە باڵای نێوخۆی و نێوەوڵەتی و ئەزموونی کارکردنی بۆ ماوەی (٢٧) ساڵ لە (٢٠٢٤/١٢/١١)

بەوشێوەیە سەدام حسێن دوو ڕیکۆردی گەورەی لە مێژووی خۆیدا تۆمارکرد، یەکەم سەرکردەی سوپا بوو، کە چەکی کیمیایی دەمارەگازی لە گۆڕەپانی جەنگ لە دووڕگەکانی مەجنون بەکارهێنا و لەوەش گەورەتر توانی بێ بە یەکەم سەرۆك لە مێژووی جیهاندا، کە چەکی کیمیایی دژی خەڵکی سڤیلی خۆی بەکاربهێنێت، بەوکارەشی سنووری ئەڵمانەکان و بەریتانییەکانی لە جەنگی یەکەمی جیهانی و ئەمریکییەکانی لە جەنگی دووەمی جیهانی بەزاند، چونکە ئەوان چەکی کۆمەڵکوژیان لە دژی گەلانی تر بەکارهێنا، بەڵام سەدام حسێن بۆ گەلێکی بەکارهێنا، کە هەڵگری ڕەگەزنامەی وڵاتەکەی عێراق بوون.

باسی دووەم : گەشەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە:

لێکۆڵینەوە لە گەشەی دانیشتوان گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە گەشەی دانیشتوان ڕەگەزێکی گرنگ و سەرەکییە لە لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە دانیشتوان. ناوچەی توێژینەوە لەڕووی گەشەی دانیشتوانەوە گۆڕانی گەورە و بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، ئەم گۆڕانکارییە قەبارە و گەشەی دانیشتوان لە ماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی تر جیاوازە، بەجۆرێك گۆڕانکاری زۆر و بەرزونزمی زۆری لە دانیشتوانی شارەکەدا دروستکردووە. گۆڕانی ژمارەی دانیشتوان یەکێکە لە دیاردە دیمۆگرافییەکان و بووەتە بابەتێکی هەستیار و کێشەیەکی گەورەیە بەتایبەتی بۆ وڵاتە تازە پێگەشتووەکان، چونکە دانیشتوانی ئەم وڵاتانە بەخێرایییەکی زۆر زیاد دەکەن(هروری، نشوان شکری، ٢٠١٢، ص٩٢). هەروەك دانیشتوان بەیەکێك لەو ڕەگەزە سەرەکییانە دادەنرێت کە کاریگەری لەسەر لایەنی ئابووریی و کۆمەڵایەتی هەموو وڵات و ناوچەیەك و شارەکان هەیە، ئەو ناوەندە ئاوەدانییانەی کە بەخێرایی قەبارەی دانیشتوانیان زیاد دەکات بەتایبەتی لە وڵاتە تازە پێگەشتووەکاندا، زیاتر بەهۆی کۆچی گوندنشینانەوەیە بۆ شارەکان.

تەوەرەی یەکەم: قۆناغەکانی زیادبوونی گەشەی ساڵانەی قەبارەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە:

لەم تەوەرەدا ئاماژە بە قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە لە ڕوانگەی زیادبوونی قەبارەی دانیشتوان و ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە ماوەی نێوان قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوانی شارەکە لە ماوەی ساڵانی١٩٧٧-٢٠٢٤ دەدەین، لەبەرئەوە بەباشمانزانی پشت ببەستین بە ساڵانەی سەرژمێری دانیشتوان لە عێراق و داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی بۆ ساڵی (٢٠٠٢) و (٢٠٠٩) و بۆ ساڵی (٢٠٢٤)، هەروەك پشتیش بەستراوە بەیاسای پێشبینیکراوی دانیشتوان. قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دابەشکراوە بەسەر پێنج قۆناغدا، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١- قۆناغی یەکەم تاوەکو ساڵی(١٩٧٧): لەم قۆناغەدا ژمارەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە بە بەراورد بە سەرژمێرییەکانی پێشوو گۆڕانی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، بەسەرنجدان لە خشتەی (١) بۆمان دەردەکەوێت لەم ساڵەدا ژمارەی دانیشتوانی شارەکە بووەتە (١٩٨٣٥) کەس و ژمارەی دانیشتوانی قەزای هەڵەبجەش (٩١٩٣٩) کەس بووە و ڕێژەی دانیشتوانی شارەکە (٢١,٦٪) کۆی ژمارەی دانیشتوانی قەزاکەی پێکهێناوە.

خشتەی(١) دانیشتوانی شار و قەزا و ڕێژەی دانیشتوانی شار لە کۆی (قەزا و پارێزگا) و گەشەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠٢٤) نیشان دەدات.

ساڵ	ژمارەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە	ژمارەی دانیشتوانی قەزا لە پارێزگای هەڵەبجە	ڕێژەی شار لە کۆی قەزاکە لە پارێزگا %	ساڵ(ماوە)*	ڕێژەی ساڵانەی گەشەی دانیشتوانی شار %
١٩٧٧	١٩٨٣٥	٩١٩٣٩	21,6	1977	4,9
**١٩٨٨	38122	١١٨٤١٢	32,2	1988-1977	6,1
٢٠٠٢	٤٢٩٤٣	٨٤٢٧٣	51	2002-1988	0,8
٢٠٠٩	٥٥٧٦٤	٩٠١٧٧	61,8	2009-2002	3,8
**٢٠٢٤	٨٦٨٧٨	١٤١٩١١	61,2	2024-2009	3
				2024-1977	3,2

سەرچاوەی کاری توێژەران پشتبەست بە:

١- الجمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي الاحصاء، نتائج ترقيم المباني وحصر السكان لسنة (١٩٧٧)، لمحافظة السليمانية، ١٩٧٧، ص١-٤٠، جدول رقم(٢)، ص١- ٢.

٢- الجمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي الاحصاء، نتائج ترقيم المباني وحصر السكان لسنة (١٩٨٧)، لمحافظة السليمانية جدول ت/س١/١/ج، ، ص١٥ – ٣٠.

٣- مديرية احصاء السليمانية، المؤشران السكاني و البين اخدمية و الارتكازية لأقليم كوردستان العراق لسنة (٢٠٠٢)، نتائج أحصائية في عدد السكان و الاسرة في الحضر المباني السكنية ، وعدد المدارس و المعاهد و المركز الصحة و المساج و المشارع الماء و الكهرباء،

ص٤-١٢.

٤- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامی گشتی و سەرەتاییەکانی ژمارەلێدان و گەمارۆسازی (الترقیم و الحصر السکانی)، پارێزگای سلێمانی، ٢٠٠٩، ٢٠١٠، ل ١٥- ٥٨.

(*) بۆ دەرهێنانی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان پشتبەستراوە بەم هاوکێشەیەی خوارەوە:

$$R = \sum \left(\sqrt{\frac{P1}{PO}} - 1 \times 100 \right)$$

R= ڕێژەی گەشەی ساڵانە ∑= ژمارەی ساڵەکانی نێوان سەرژمێربیەکان

P1 = ژمارەی دانیشتوانی دوا سەرژمێری P2 = ژمارەی دانیشتوانی سەرژمێری یەکەم

5- Clarke ، Johan ، population Geography، 1972، p 146

(**) بۆ زانینی ژمارەی دانیشتوانی پێشبینکراو پشت بەم هاوکێشەیە بەستراوە

$$\text{ئەنجام} = \frac{\text{تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوان} \times \text{ژمارەی دانیشتوانی بۆ هەر ساڵێك}}{100}$$

ئەنجام×م ژمارەی دانیشتوان = کۆی ژمارەی دانیشتوان لەو ساڵەدا

٦- الخفاف، عبد علی، عید مخور الریحانی، جغرافیة السکان، ١٩٨٦، ص ١٥٤.

هەر لەم ماوەیەدا ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە (٤,٩٪) بووە، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە و هۆکارەکەی بۆ کۆچی دانیشتوانی گوندەکان بۆ شارەکە دەگەڕێتەوە، جا چ بە ئارەزوومەندانە بووبێت، یاخود بەهۆی کۆچی زۆرەملێ و ڕاگواستنی دانیشتوانی گوندەکان بۆ نێو شارەکە بووبێت.

٢- قۆناغی دووەم (١٩٧٧- ١٩٨٨): بە سەرنجدان لە خشتەی (١) بۆمان دەردەکەوێت کە ژمارەی دانیشتوانی شارەکە لە(١٩٨٣٥) کەس لە ساڵی ١٩٧٧ بووە بە (٣٨١٢٢) کەس لە ساڵی ١٩٨٨، واتە بە زیادبوونی ڕەهای دانیشتوان و بەراورد بە قۆناغی پێشوو (١٨٢٨٧) کەس زیادی کردووە، واتە نزیکەی هێندەی قۆناغی پێشوو ژمارەی دانیشتوانی شارەکە لەم قۆناغەدا زیادی کردووە، ژمارەی دانیشتوانی قەزاکەش لەم ماوەدا گەیشتوەتە (١١٨٤١٢) کەس و ڕێژەی دانیشتوانی شار لەسەر ئاستی قەزا گەیشتووەتە (٣٢,٢٪) کۆی دانیشتوانی قەزاکەی پێکهێناوە بەراورد بە قۆناغی پێشوو بەڕێژەی٦,١٪)). ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگە بۆ بەرزی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان بەجۆرێك بەراورد بە قۆناغی پێشوو لە (٢,١٪) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شارەکە زیادی کردووە.

ئەم بەرزییە لە قەبارە و ڕێژەی دانیشتوانی شار لە کۆی قەزا و ڕێژەی بەرزی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان دەگەڕێتەوە بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتنامەی جەزائیر(١٩٧٥) لە نێوان عێراق و ئێران و خاپورکردنی گوندەکان و ڕاگواستنی دانیشتوانی ناوچە سنووریەکان بەناوی پشتێنەی ئاسایش بۆ شارەکە و دروستکردنی ئۆردووگا زۆرەملێکانی زەمەق و عەنەب بە تەنیشت هەڵەبجەوە، هەروەها جەنگی عێراق- ئێران(١٩٨٠- ١٩٨٨) لەم ماوەیەدا و دروستبوونی نائارامی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە پاساوی دایە دەست ڕژێمی بەعس بۆ ڕاگواستنی گوند و ناوەندە شارستانیە سنووریەکان بۆ نێو شاری هەڵەبجە، لەو گوندانەی لەناو سنووری ناحیەی بیارە و خورماڵدا بوون، ئەمانە هۆکاری سەرەکی

بوون بۆ زیادبوون و بەرزی قەبارە و گەشەی سالانەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە.

٣- قۆناغی سێیەم١٩٨٨ - ٢٠٠٢: جیاوازی ئەم قۆناغە لەگەڵ دوو قۆناغەکەی پێشووتر ئەوەیە، کە ڕژێمی بەعس دەسەڵاتی بەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوە و تەواوی هەرێمی کوردستاندا نەماوە، ئەوەش لە ئەنجامی ڕاپەڕینی گەلی کوردستان لە بەهاری ١٩٩١ کە جۆرێك لە خۆبەڕێوەبەری جیاواز لە سەردەمی ڕژێمی بەعسی پێشوو لە ناوچەکەدا پیادەکرا.

لەم قۆناغەدا بەسەرنجدان لە خشتەی(١) بۆمان دەردەکەوێت کە ژمارەیی دانیشتوانی شارەکە لە (٣٨١٢٢) کەس لە ساڵی ١٩٨٨ بووەتە (٤٢٩٤٣) کەس لە ساڵی ٢٠٠٢، واتە زیادبوونی ڕەهای دانیشتوان لەم قۆناغەدا (٤٨٢١) کەس بووە، ئەمەش ژمارەکەی کەمە بەراورد بەماوەی ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە کە گەیشتووەتە (٨٤٢٧٣) کەس و ڕێژەی دانیشتوانی شار(٥١٪) کۆی دانیشتوانی قەزاکە پێکهێناوە، بەراورد بەقۆناغی پێشوو بەڕێژەی (١٨,٨٪) زیادی کردووە، هەروەها ڕێژەی گەشەی سالانەی دانیشتوانی شار(٠,٨٪) بووە، بەراورد بە قۆناغی پێشوو بەڕێژەی(٥,٣٪-) کەمی کردووە، هۆکاری ئەمەش بۆ:

١- نەگەڕانەوەی بەشی زۆری دانیشتوان بەهۆی دۆخی خراپی بارودۆخی ئابووریی و ئابڵوقەی ئابووری.

٢-کەمی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی شار.

٣ - کەمی ڕێژەی گەشەی سالانەی دانیشتوان.

٤- بەرزی ڕێژەی دانیشتوانی شار لە کۆی قەزاکە.

٤- قۆناغی چوارەم (٢٠٠٢- ٢٠٠٩): ئەم قۆناغە بەیەکێك لە قۆناغە گرنگەکانی گەشەی دانیشتوان دادەنرێت، چونکە لەلایەك کەمی ماوەی سالانی لێکۆڵینەوە و دووەم ڕووخانی ڕژێمی بەعس و باشتربوونی دۆخی ئابووریی و گەشەی ئاوەدانی لە تەواوی عێراق و هەرێمی کوردستان و ناوچەی لێکۆڵینەوە وایکرد شارەکە بە ئاڕاستەی زیادبوونی بەرزی گەشەی دانیشتوان هەنگاو بنێت، بەجۆرێك بە تێبینیکردن لە خشتەی(١)، بۆمان دەردەکەوێت کە ژمارەی دانیشتوانی شارەکە لە (٤٢٩٤٣) کەسەوە لە ساڵی ٢٠٠٢ بووەبە (٥٥٧٦٤) کەس لە ساڵی ٢٠٠٩، واتە زیادبوونی ڕەهای دانیشتوان بووەتە (١٢٨٢١) کەس، لەم قۆناغەدا ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە گەیشتووەتە (٩٠١٧٧) کەس و ڕێژەی دانیشتوانی شار لە (٦١,٣٪) کۆی دانیشتوانی شاری پێکهێناوە، بەراورد بە قۆناغی پێشوو ڕێژەی دانیشتوانی شار لە کۆی قەزا (١٠,٣٪) زیادیکردووە، هەروەها ڕێژەی گەشەی سالانەی دانیشتوانی شارەکە (٣,٨٪) بووە، بەراورد بەقۆناغی پێشوو بەڕێژەی (٢,٦٪) ڕووی لە زیادبوون کردووە. واتە لەم قۆناغەدا چ لەڕووی قەبارە و ڕێژەی دانیشتوانی شار ڕێژەی گەشەی سالانەی دانیشتوانی شارەکە بە ئاڕاستەی زیادبوون و گەشەکردن هەنگاوی ناوە.

٥- قۆناغی پێنجەم (٢٠٠٩- ٢٠٢٤): لەم قۆناغەدا کە دوا قۆناغی گەشەی دانیشتوانی شارەکەیە، بەتێبینیکردن لە خشتەی(١)، بۆمان دەردەکەوێت کە ژمارەیی دانیشتوانی شارەکە لە (٥٥٧٦٤) کەس لە ساڵی ٢٠٠٩ بەرزبووەتەوە بۆ (٨٦٨٧٨)کەس لە ساڵی ٢٠٢٤، واتە بەزیادبوونی ڕەهای (٣١١١٤)کەس قەبارەی دانیشتوانی شارەکە زیادی کردووە، قەبارەی دانیشتوانی پارێزگای هەڵەبجە گەیشتووەتە (١٤٩١١)کەس و ڕێژەی دانیشتوانی شار لە (٦١,٣٪) کۆی دانیشتوانی قەزا پێکدێت، بەراورد بە قۆناغی پێشوو گۆڕانێکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینیوە، ئەمەش بەهۆی پشتبەستن بە یاسای داشکاندن(اسقاطات السکانیة) و لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوانی ساڵی ٢٠٠٩ بووە، هەروەها ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شارەکە (٣٪) بووە.

لە کۆتاییدا دەوانین بڵێین، شاری هەڵەبجە لە ماوەی ساڵانی لێکۆڵینەوەدا (١٩٧٧-٢٠٢٤) ژمارەی دانیشتوانەکەی لە (١٩٨٣٥)کەسەوە لە ساڵی ١٩٧٧ بووە بە (٨٦٨٧٨) کەس لە ساڵی ٢٠٢٤، واتە زیادبوونی ڕەهای دانیشتوان گەیشتووەتە (٦٧٠٤٣)کەس و ڕێژەی دانیشتوانی شار لە کۆی دانیشتوانی قەزا لە ساڵی ١٩٧٧ لە (٢١,٦٪) بووە بە (٦١,٢٪) لە ساڵی ٢٠٢٤، واتە بەڕێژەی (٣٩,٦٪) زیادی کردووە، ڕێژەی گەشەی ساڵانەی لە ماوەی ساڵانی لێکۆڵینەوەدا (٣,٢٪) بووە.

تەوەرەی دووەم: دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوانی شارەکە لەسەر ئاستی گەڕەك (١٩٨٨):

لەم تەوەرەدا ئاماژە بە دابەشبوونی دانیشتوانی شارەکە دەدەین، بەسەرنجدان لە خشتەی(٢)، بۆمان دەردەکەوێت کە شارەکە لەم ساڵەدا ژمارەی گەڕەکەکانی گەیشتووەتە(١٥) گەڕەك و دابەشبووە بەسەر بەشە جیاوازەکانی شارەکەدا، بەجۆرێك بەشەکانی باکوور و باکووری خۆرهەڵات زۆرترین گەڕەکی لەخۆگرتبوو، کە بریتییە لە (٨) گەڕەك، لە باشوورەوە (٣) گەڕەك و لە خۆرئاوا و باکووری خۆرئاوای شارەکە (٤) گەڕەکی لەخۆگرتبوو، بڕوانە نەخشەی(١).

بەسەرنجدان لە خشتەی (٢) دەردەکەوێت، کە بچووکترین گەڕەك لەڕووی ڕووبەڕەوە گەڕەکی جولەکان بووە، بەشێوەیەك ڕووبەری ئەو گەڕەکە تەنها (٥,٠٤) هێکتارە، هۆکاری بچووکی ڕووبەرەکەشی بۆ نەبوونی دەرفەتی فراوانبوون لەلایەك و، لەلایەکی تر کۆنی ئەم گەڕەکە دەگەڕێتەوە، چونکە گەڕەکی ناوبراو لەڕووی مێژوویییەوە لە پاش گەڕەکی پیر محەمەد دووەمین گەڕەکی شارەکەیە کە دروستکرابێت.

خشتەی(٢) ژمارەی گەڕەك و ڕووبەر و ژمارەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨دا

ناوی گەڕەك	ڕووبەر هێکتار	ڕێژەی لە کۆی ڕووبەری شار	ژمارەی دانیشتوان	ڕێژەی دانیشتوانی گەڕەك لە کۆی دانیشتوان
جولەکەکان	5,04	1,2	9976	26,2
پاشا	27,4	6,51		
شەهیدان	6,43	1,52		
سەرا	35,05	8,33	7774	20,4
باخی میر(کانی عاشقان)	47,1	11,19		
گوڵان	33,15	7,88		
شێخ ئیسماعیل	16,81	0,4		
پیر محەمەد	40,13	9,53	6481	17
فەرمانبەران	5,32	1,27		
زەمەقی (دەروازەی شار)	74,03	17,59		
کانییە قوڵکە	36,91	8,77	13891	36,4
مامۆستایان	30,36	7,21		
شارەوانی یەك	32,37	7,69		
شارەوانی دوو	30,77	7,31		
کۆی گشتی	420,87	%100	38122	%100

سەرچاوەی کاری توێژەران پشتبەست بە :

عەبدوڵلا، هەورامان کەمال میرزا، فراوانبوونی شاری هەڵەبجە و کاریگەرییە ژینگەییەکانی، ل٥٩.

گەورەترین گەڕەکیش لەڕووی ڕووبەرەوە گەڕەکی دەروازەی شار(زەمەق)ە، کە ڕووبەرەکەی (٧٤,٠٣) هێکتارە، هۆکاری ئەم ڕووبەرە گەورەیە دەگەڕێتەوە بۆ تازە دروستبوونی ئەم گەڕەکە کە بۆ دانیشتوانی ڕاگوێزراوی ناوچە سنووریەکانی قەزاکە تەرخانکرابوو، پاشان بوونی بواری فراوانبوونی شار هۆکارێکی تری گەورەیی ڕووبەری ئەم گەڕەکەیە، سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوانی شار و دابەشبوونی بەسەر گەڕەکەکانی شاردا بەسەرنجدان لە خشتەی (٢)، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی کەوتووەتە هەرێك لە گەڕەکەکانی (کانییە قوڵکە و شارەوانی یەك و شارەوانی دوو و مامۆستایان)، کە کۆی ژمارەی دانیشتوانیان (١٣٨٩١) کەس و بە پلەی یەکەم دێت و ڕێژەی (٣٦,٤٪) کۆی دانیشتوانی شارەکەیان پێکدەهێنا. ئەم گەڕەکانەش کەوتوونەتە باکوور و و باکووری خۆرهەڵاتی شارەکەوە. بەپلەی دووەم لەڕووی دابەشبوونی قەبارەی دانیشتوانەوە هەرێك لە گەڕەکەکانی (جولەکەکان، پاشا، شەهیدان) کە کۆی ژمارەی دانیشتوانی ئەم گەڕەکانە (٩٩٧٦) کەس بووە و دانیشتوانیان لە کۆی دانیشتوانی شار دەگەیشتە(٢٦,٢٪). پێگەی ئەم گەڕەکانە خۆرهەڵات و ناوەندی شار بووە. بە پلەی سێیەم لەڕووی دابەشبوون و قەبارەی دانیشتوانەوە هەرێك لە گەڕەکەکانی (سەرا، باخی میر(کانی عاشقان)، گوڵان، شێخ ئیسماعیل) دێن، کە کۆی ژمارەی دانیشتوانیان (٧٧٧٤) کەس و ڕێژەی دانیشتوانەکەیان لە(٢٠,٤٪) کۆی دانیشتوانی شارەکە پێك

دێنێ، ئەم گەڕەکانە کەوتوونەتە باشوور و باشووری خۆرئاوای شارەکە، بە پلەی چوارەم و کۆتاییش هەرێك لە گەڕەکەکانی (پیرمحەمەد، فەرمانبەران، دەروازەی شار) دێن لەڕووی دابەشبوون و قەبارەی دانیشتوانەوە، بەجۆرێك کۆی ژمارەی دانیشتوانەکەیان (٦٤٨١) کەس و ڕێژەی (١٧٪) کۆی دانیشتوانی شارەکەیان پێکدەهێنا و لەڕووی پێگەی جوگرافییەوە کەوتوونەتە ناوەند و خۆرئاوای شارەکە.

کەواتە، ژمارەی دانیشتوانی شارەکە بەڕێژە و ژمارەی جیاواز دابەشبوون بەسەر گەڕەکەکانی شارەکە، زۆرترین ژمارەی دانیشتوان کەوتوونەتە گەڕەکەکانی ناوەندی شارەوە، ئەمەش هۆکار بووە بۆ چڕی بۆردوومانی دانیشتوانی شارەکە، بەوهۆیەشەوە زۆرترین شەهید و بریندار لەو گەڕەکانە بوون، کە لە باسی دواتردا بەوردی لەبارەیەوە دەدوێین. لەکۆتاییدا دەڵێین، کۆی ژمارەی دانیشتوانی شارەکە لە ساڵی ١٩٨٨ گەیشتووەتە (٣٨١٢٢)کەس، هەروەك کۆی ڕووبەری شارەکە لە هەمان ساڵدا (٤٢٠,٨٧) هێکتار بووە و بەسەر نزیکەی (١٤) گەڕەکدا دابەشبووە.

باسی سێیەم: دابەشبوونی جوگرافی بۆمبە کیمیاییەکان و کاریگەری لەسەر قەبارەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە:

تەوەرەی یەکەم: دابەشبوونی جوگرافی بۆمبە کیمیاییەکان لەنێو شارەکەدا:

شاری هەڵەبجە و سنوورە جوگرافییەکەی لە ڕێکەوتی (١٩٨٨/٣/١٦) لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی ڕژێمی بەعسی فەرمانڕەوای عێراقەوە بە چەکی کیمیایی بۆردوومان کرا، زۆرترینی ئەو بۆمبانەش لەنێو شارەکەدا بەردرانەوە، لەوکاتەدا شارەکە لە چەند گەڕەکێك پێکهاتبوو، ژمارەی ئەو بۆمبە کیمیاییانەی بەر شارەکە کەوتوون (٢٧) بۆمب بوون، زیاتر ناوەندی شارەکەشیان گرتووەتەوە، هەندێکیشیان دەرەوەی شارەکە بەتایبەتی ڕێگاکانی دەرچوونی خەڵکییان کردە ئامانج.

بەپێی دابەشبوونی جوگرافی بۆمبەکان وەك لە نەخشەی(٢)دا دیارە، زۆرترینی بۆمبەکان بەر چەند گەڕەکێك کەوتوون، کە دەتوانین بەم جۆرە پۆلێنیان بکەین بەپێی ئەو گەڕەکانەی لە ساڵی ١٩٨٨ بوونیان هەبووە و زۆربەی دانیشتوانەکەی تیایاندا نیشتەجێ بوون، دەکرێت بەمشێوەیە پۆلێنیان بکەین:

-ئەو گەڕەکانەی کە هیچ بۆمبێکی کیمیاییان بەرنەکەوتبوو، بریتی بوون لە گەڕەکەکانی (شارەوانی٢، مامۆستایان، کانییە قوڵکەی ٢، زەمەقی (دەرەوەی شار)، شێخ ئیسماعیل، فەرمانبەران، سەرا).

-ئەو گەڕەکانەی یەك بۆمبیان بەرکەوتووە بریتین لە گەڕەکی(شارەوانی یەك، کانییە قوڵکە، باخی میر و کانی عاشقان).

-ئەو گەڕەکانەی لە (٢ – ٦) بۆمبیان بەرکەوتوە بریتی بوون لە گەڕەکەکانی (گوڵان(٣) بۆمب، پاشا (٥) بۆمب، جولەکەکان (٥) بۆمب، پیر محەمەد(٦) بۆمب).


-چەند بۆمبێکیشیان کەوتوونەتە دەرەوەی سنووری ئەو گەڕەکانە، کە (٣)بۆمبیان لە باشووری شارەکە کەوتوون، لەمڕۆدا بە گەڕەکەکانی بامۆك و کانی هەناران دەناسرێن و لە سنووری شارەوانی هەڵەبجەدان، (١)بۆمب لە باکووری شارەکە لە نزیك شەقامی ئاسۆی حاجی محەمەد بامۆکی ئەمڕۆ کەوتووە و (١)بۆمبیش لەسەر ڕێگای هەڵەبجە - عەنەب بەردراوەتەوە.

لێرەوە ڕوون دەبێتەوە، کە زۆربەی بۆمبە کیمیاییەکان بەسەر ناوەندی شارەکەدا بەردراوەتەوە، کە چڕی دانیشتوان تیایدا زۆرە و کاریگەرییەکەشی گەورە بووە، ئەو بۆمبانەشی دەوروبەری شارەکە و ڕێگاکانی دەرچوونیان کردووەتە ئامانج مەترسییەکی گەورەیان لەسەر ئەو کەسانە دروستکردووە کە هەوڵی هەڵهاتنیان داوە، بەشێوەیەك ڕێژەیەکی زۆریانی ڕووبەرووی مەرگ کردووەتەوە.

مەترسییەکانی ئەو بۆمبانە تەنها لەسەر ناوچە بە ئامانج کراوەکان نەبوون، بەڵکو بەهۆی بڵاوبوونەوەی گازەکانی نێو بۆمبەکان بە دەوروبەری شوێنی کەوتنیاندا مەترسییان لەسەر خەڵکی دروستکردووە و ڕووبەڕووی مردن و بریندارببوونی کردوونەتەوە. دەتوانین بەپێی کاریگەریی و توانای بڵاوبوونەوەی گازەکان و مەترسییان لەسەر خەڵکی شارەکە ئاماژە بە دوو جۆر مەترسی بکەین؛ جۆری یەکەمیان بەپێی نزیکی لە شوێنی کەوتنی بۆمبەکە بە دووری (٤٥٠م) گازەکان بڵاودەبنەوە، لەم ناوچانەدا مەترسی مردن زیاتر بووە وەك لە نەخشەی(٣)دا دیارە. ئەو ڕووبەرەشی کە دروستی گازەکاندەکات لەسەر شارەکە دەگاتە (٧کم٢)، ئەم ناوچەیەش زۆربەی سەنتەری شارەکە دەگرێتەوە

و درێژ دەبێتەوە بە ئاڕاستەی باکوور و باشوور و باکووری ڕۆژهەڵاتدا، ئەوەش وایکردووە زۆربەی قوربانییەکان لە خەڵکی ئەو ناوچانە بن. بەپێچەوانەشەوە هەتاکوو لە


نەخشەی (٢) دابەشبوونی جوگرافی بۆمبە کیمیاییەکان بەسەر شاری هەڵەبجەدا لە ساڵی ١٩٨٨



کاری توێژەران پشتبەست بە:- ١- وەزارەتی شارەوانی و کەشت و کوزار، بەڕێوەبەرایەتی کشتی شارەوانیە کانی پارێزگای هەڵەبجە، سەرچاوەی پێشوو.

٢- عەبدوڵڵا، میقداد عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣ ٣- کۆمپانیای فیوپایەنیر، بەشی Gis، چ١، بەهاری ٢٠١١ ٤- بەکارهێنانی بەرنامەی,Gis 10 8

نەخشەی(٣) توانای بڵاوبونەوەی ناوچەکانی مەترسی بۆمبەکان لە شاری هەڵەبجە ساڵی ١٩٨٨



official use only، Navy EODB،Army TM Air for E to 60A- 1-1-11،p55 2- Gis 10,8 1- بەکارهێنانی بەرنامەی

شوێنی کەوتنی بۆمبەکان دووربکەوینەوە بۆ دووری (٢٠٠٠م) مەترسی مردن و برینداربوون کەمتر بووەتەوە، چونکە لەم ناوچانەدا توانای بڵاوبوونەوەی گازەکان لاوازتر بووە ئەو ڕووبەرەی ئەم جۆرە مەترسییە دەیگرێتەوە دەگاتە (٣١کم٢)، کە کۆی شارەکەی گرتووەتەوە و پاشان لە دەوروبەری شارەکەشدا بڵاوبووەتەوە.

بەگشتی، بەدووری (٢٤٥٠م) لە شوێنی کەوتنی بۆمبی کیمیاییەکان مەترسی مردن و برینداربوونی لێ کەوتووەتەوە، بەجۆرێک خەڵکی هەتا نزیکتر بوون لە شوێنی کەوتنی بۆمبەکانەوە مەترسی مردن و برینداربوونیان زیاتر بووە، بەپێچەوانەشەوە هەتا دووربوون مەترسی مردن و برینداربوونیان کەمتر بووە.

تەوەرەی دووەم: کاریگەری بۆمبەکان لەسەر قەبارەی دانیشتوانی شارەکە:

لەم تەوەرەدا ئاماژە بەژمارە و ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی هەڵەبجە لە پێش و دوای کیمیاییبارانکردنی شارەکە دەدەین، بەمەبەستی دەرخستنی کاریگەریی ڕووداوەکە لەسەر قەبارەی دانیشتوان و پاشان کاریگەرییەکانی لەسەر ڕێژەی قوربانیان و ئاوارەبوونی خەڵک و دووبارە گەڕانەوەیان بۆ عێراق و ناوچەی لێکۆڵینەوە.

بەسەرنجدان لە خشتەی (٣) بۆمان دەردەکەوێت کە ژمارەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە ساڵی ١٩٧٧ لە (١٩٨٣٠)کەسەوە زیادبووە بۆ (٣٨١٢٢) کەس لە ساڵی ١٩٨٨، واتە بەجیاوازی ڕەهای (١٨٢٩٢) کەس زیادی کردووە، کە ڕێژەی زیادبوونی نزیکەی (٩٢٪) بووە، زیادبوونی ساڵانەی ژمارەی دانیشتوان (١٨٢٩٢) کەس بوو. هەروەها ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە (٤,٩٪)وە بووەتە (٦,١٪)، واتە بەڕێژەی (١,٦٪) ساڵانە زیادی کردووە، بەڵام ئەگەر ئاماژە بدەین بە ساڵی ٢٠٠٢ کە دەکاتە دوای پرۆسەی کیمیاییبارانکردن و

دووبارە گەڕانەوەی دانیشتوانی ئاوارەبوونی شار و قەزای هەڵەبجە بۆمان دەردەکەوێت کە بە ئاڕاستەی کەمبوونەوە ڕۆیشتوو بەراورد بە پێش کیمیاییبارانی، بەجۆرێك لە ساڵی ١٩٨٨ بۆ ٢٠٠٢ ژمارەی دانیشتوان لە (٣٨١٢٢) کەسەوە بووەتە (٤٢٩٤٣) کەس، واتە بە جیاوازی (٤٨٢١) زیادی کردووە لە ماوەی (١٤) ساڵدا و زیادبوونی ساڵانەی ژمارەی دانیشتوانیشی (٣٤٤) بووە، ئەمەش ژمارەیەکی کەمە و ئاماژەیە بە کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان. ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە ماوەی ١٩٨٨-٢٠٠٢ لە (٠,٨٪) بووە بەراورد بە پێش کیمیاییبارانکردنی بە ڕێژەی (٥,٣٪-) کەمیکردووە، هەروەها سەبارەت بەزیادبوونی ساڵانەی ژمارەی دانیشتوان بەراورد بە پێش کیمیاییبارانکردن (١٨٢٩) کەس بووە لە ماوەی ١٩٧٧- ١٩٨٨، بەڵام لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٨٨ – ٢٠٠٢ (٣٤٤) کەس بووە، واتە بە جیاوازی (- ١٤٨٥) کەس ساڵانە کەمترە. ئەم کەمبوونەوە لە ژمارە و ڕێژەی دانیشتوانی شارەکە دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەرییەکانی بۆردومانی شارەکە بە چەکی کۆمەڵکوژ و کیمیایی بەجۆرێك بەپێی ئەو ئامار و زانیارییانەی لەبەردەستن لە پرۆسەی کیمیاییبارانکردنەکەدا (٣٠٠٠-٣٢١٥) کەس شەهید بووە و بریندارببوونی(١٠٠٠٠ – ٢٠٠٠٠) کەس و ئاوارەبوونی (٤٠٠٠٠- ١٠٠٠٠٠) کەس.

خشتەی(٣) گەشەی ساڵانەی جیاوازی لە ژمارە و ڕێژەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٧-٢٠٠٢

ماوەی ساڵ	ژمارەی دانیشتوان	جیاوازی لە ژمارەی دانیشتوان لە ماوەی ساڵ	ڕێژەی زیادبوو %	زیادبونی ژمارەی دانیشتوان	ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان %	جیاوازی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان
١٩٧٧	١٩٨٣٠	-	-	-	4,9	-
١٩٧٧ – ١٩٨٨	٣٨١٢٢	١٨٢٩٢	٩٢	1829	6,1	1,6
١٩٨٨ – ٢٠٠٢	٤٢٩٤٣	٤٨٢١	12,6	344	0,8	5,3-

سەرچاوە: پشتبەست بە خشتەی(١)

ئەنفالکردنی (١٥١٢) کەس و ونبوونی منداڵ (١١٩) منداڵ بووە (علی، عادل صدیق، ٢٠٢٠: ل ٣٢٣-٣٤٣-٣٤٦). هەموو ئەمانە کاریگەری دیار و بەرچاوی هەبووە لەسەر کەمبوونەوەی قەبارەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە و دەوروبەری، بەسەرنجدان لە نەخشەی(٤) بۆمان دەردەکەوێت کە لە ئەنجامی کیمیاییبارانی شاری هەڵەبجە و دەوروبەری بووەتە هۆی ئاوارەبوونی دانیشتوانەکەی بە چەند ڕێگایەك کە هەوڵی دەرچوونیان داوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- هەڵهاتن و ئاوارەبوون لە شاری هەڵەبجە بۆ دەرەوەی هەڵەبجە بە چەند ئاڕاستەیەك لەوانە:

١- ئاوارەبوون لە شاری هەڵەبجە بەئاڕاستەی ڕێگای چیای شنرۆ کە لەناو شارەوە بەئاڕاستەی گوندی عەبابەیلێ و لە ئاڕاستەی شارەکە بەرەو تووەوشك و کانیبە کوێرە و پاشان بە چەمی تەقتەقان بەئاڕاستەی ڕێگای شاخی شنرۆ، هەروەها لە ئاڕاستەی هەڵەبجە- گوندی عەنەب و بەئاڕاستەی گوندی جەلیلە و عەبابەیلێ و ڕێگای شاخی شنرۆ . پاشان لە گوندی تاوێرەوە بەئاڕاستەی بەرزایی سەی سلام – گوندی بەڵخە و بۆ مەرزی تەوێڵە یان بە ڕێگای شاخی شنرۆ بەرەو هاوارەکۆن و گوندی شێخان.

٢- ئاوارەبوون لە شاری هەڵەبجە و دەوروبەری بەئاڕاستەی گوندی سازان - سەرکەناری ئاوی سیروان.

٣- ئاوارەوبوون لە شاری هەڵەبجە و دەوروبەری بەئاڕاستەی گوندەکانی باوەکۆچەك و چنار و مۆردین و سەرکەناری ئاوی سیروان.

٤- ئاوارەبوون لە شاری هەڵەبجە بەئاڕاستەی ناوچەی نەورۆڵی – سەرکەناری ئاوی سیروان.

٥- ئاوارەبوون لە شاری هەڵەبجە و دەوروبەری بە ئاڕاستەی گوندی ئەحمەد ئاوا.

٦- ئاوارەبوون لە شاری هەڵەبجە و دەوروبەری بەئاڕاستەی گوندەکانی سەرگەت- دەرەی کێ.

٧- ئاوارەبوون لە شاری هەڵەبجە و دەوروبەری بە ئاڕاستەی سلێمانی.

ب- هەڵهاتن و ئاوارەبوون بۆ سنووری ئێران و ناوخۆی ئێران:

بەسەرنج دان لە نەخشەی (٤) بۆمان دەردەکەوێت کە بەشێك لە ئاوارەکانی هەڵەبجە دوای هەڵاتنیان لە شارەکە بە ئاڕاستەکانی ناوچەی نەورۆڵی و گوندەکانی باوەکۆچەك و چنار و مۆردین و ڕێگای سازان و ڕێگای شاخی شنرۆێ بە پیادە ڕۆیشتوون و پاشان لە ئاوی سیروان پەڕیونەتەوە و چوونەتە ناو خاکی ئێران، بەشێکیشیان بە ڕێگای گوندی تاوێرە- سەی سلام و مەرزی تەوێڵە- شوشمێ دا بە ئۆتۆمبیل ڕۆیشتوون و چوونەتە ئێران، هەندێکی دیکەشیان بە ڕێگای گوندەکانی ئەحمەد ئاوا - زەڵم - سەرگەت دا بە پیادە خۆیان گەیاندووەتە ئێران. ئەوەش بڵێین، بەشێك لە ئاوارەکان لە ناوچەی نەورۆڵی و چەند شوێنێکی دیکەوە بە هێلیکۆپتەر گوازراونەتەوە بۆ وڵاتی ئێران، ئاوارەکان دوای گەیشتنیان بە ئێران دابەشکراون بەسەر ژمارەیەك ئۆردووگادا، کە بریتین لەم ئۆردووگایانە (سەریاس، سەقز، کامیاران، هەرسین، سەلاسی باوەجانی، جوانڕۆ، سونغوری کولیایی، کەنگاوەر، هەزارخانی، شوێشە، سەرچەشمەی صەحنە)، ئۆردووگاکانیش بەسەر پایتەختەکانی کرماشان و سنە و هەمەدان و کرماندا دابەشبوون، بەشێکی تر لە ئاوارەکان بەهۆی بوونی خزم و کەسوکاریانەوە لە شار و شارۆچکە کوردییەکان نیشتەجێبوون.

بەسەرنجدان لە نەخشەی(٥)، بۆمان ڕوون دەبێتەوە لە پاش لێبوردنی گشتی ڕژێمی پێشوو زۆرینەی ڕەهای ئاوارەکانی وڵاتی ئێران گەڕاونەتەوە عێراق، بەڵام بەشێکی دیکەیان بەهۆکاری جیاواز لەو ئێران مانەوە، ئەوانەیان کە گەڕانەوە بۆ عێراق جارێکی تر ئاوارەبوونەوە، بەڵام ئەم جارەیان لەژێر چاودێری توندی سەربازی و ئەمنی دامودەزگاکانی عێراقدا، بەجۆرێك بەشێك لە گەڕاوەکان لە کۆمەڵگە زۆرەملێکانی بازیان و باینجان و پیرەمەگروون لە پارێزگای سلێمانی نیشتەجێکران، بەشێکەی دیکەشیان ڕەوانەی هەردوو ئۆردووگای زۆرەملێی بەرحوشتر و گردەچاڵ لە پارێزگای هەولێر کران، هەندێکی دیکەشیان دوور لە چاوی دامودەزگاکانی حکومەت لە شاری سلێمانی و شار و شارۆچکەکانی سەر بەو پارێزگایە گیرسانەوە و نیشتەجێ بوون. ئەوانەشیان، کە بەر لە کیمیاییبارانکردنی هەڵەبجە ناوچەکەیان بەرەو سلێمانی بەجێهێشتبوو لە ئۆردووگاکانی (نەسر و برایەتی) لە نێوان ناحیەکانی عەربەت و زەڕایەن نیشتەجێکران .

هەموو خێزانێکی ئاوارەش لەکاتی نیشتەجێکردنیدا لەنێو ئۆردووگاکاندا بەڵێننامەیەکی لەم شێوەی پێ پڕدەکرایەوە:" من، کە لە خوارەوە واژۆم کردووە ناوم ( )ە، بەڵێن دەدەم، کە لە پارێزگاری ( )، لە کەرتی ( )، لە خانووی ژمارە ( )دا نیشتەجێ ببم، هەروەها گفتی ئەوە دەدەم، کە سزای مەرگ بدرێم ئەگەر ئەو زانیارییانەی لێرەدا داومە درۆبن، یان ئەگەر ناونیشانی خۆم بەبێ ئاگاداری بەڕێوەبەرێتی پەیوەندیدار و دەسەڵاتداران بگۆڕم، بۆیە ئیقرار لەسەر ئەوە دەکەم".

لەوەش زیاتر چەند مانگێك دوای کیمیاییبارانی هەڵەبجە و (٤) ڕۆژ دوای کۆتایی هاتنی لێبوردنە گشتییەکەی حکومەتی عێراق لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/٩/٦، بۆ سڕینەوەی یەکجاری شاری هەڵەبجە بە بڕیارێکی ڕاستەوخۆی سەدام حسێن قەزای هەڵەبجە ڕەتکرایەوە و لەبری ئەو بڕیاری دروستکردنی شارۆچکەیەکی نوێ بەناوی (ناحیەی هەڵەبجە) درا.

شوێنی شارە نوێیەکەش دەکەوتە باشووری ڕۆژئاوای دەشتی شارەزوور و لە بەرانبەر ناحیەی (زەڕایەن)دا هەڵکەوتبوو، لەمبارەیەوە ڕۆژنامەی (هاوکاری) نوسیوویەتی: "بەگوێرەی ڕێنماییەکانی سەرۆکی فەرماندە سەدام حسێن لە ڕۆژانی داهاتوودا دەست بە دروستکردنی شاری هەڵەبجەی نوێ دەکرێت. بەڕێز عەدنان داود سەلمان وەزیری دەسەڵاتی خۆجێیی ئەمەی لەو کاتەدا ڕاگەیاند، کە سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی لێپرسراوانی دەزگاکانی حوکمی خۆجێیی و خزمەتگوزارییەکانی پارێزگای سلێمانی دەکرد بە ئامادەبوونی جەعفەر عەبدولکەریم بەرزنجی پارێزگاری سلێمانی بۆ لێکۆڵینەوە لە نەخشەی بنەڕەتی شارە نوێیەکە". بەگوێرەی نەخشەکە شارە نوێیەکە پێکدەهات لە (٥٤٩٠) پارچە زەوی نیشتەجێ بوون و هەموو دامودەزگا خزمەتگوزاریی و پەروەردەیی و تەندروستییەکان و ناوچەیەکی پیشەسازی لەخۆدەگرت.

(هاوکاری، ژ(١٠٠٤)، ١٩٨٨/٩/٢٩)

شاره نوێیەکەش، کە ڕژێم زۆر مەبەستی بوو بەخێرایی تەواوی بکات لە ڕۆژی ١٩٨٨/١٠/١٨ بە ئامادەبوونی عەدنان داود سەلمانو پارێزگاری سلێمانی (جەعفەر عەبدولکەریم بەرزنجی)و پارێزگاری کەرکوك (مونزر نسەیف جاسم) بەردی بناغەی دانرا، هاوکاری نوسیویەتی:" لەکاتی ئەو ئاهەنگەدا بەم بۆنەیەوە سازدرا هاوڵاتیان هەلهەلەیان دەکێشا و شانازی خۆیان بە سەرکردایەتی تێگەیشتووانەی دروستکاری سەرکەوتن و ئاستی بەرێز سەدام حسێن دەربڕی"، لەکاتی ئاهەنگەکەشدا بڕیاردرا، کە گۆڕەپانێك بۆ ئاهەنگ گێڕان و دەروازەیەك و پەیکەرێکی سەرکەوتنی تیادا دروستبکرێت!؟

دابەشکردنی زەویەکانی ئەو شاره نوێیەش لە ڕێگەی کارتی تایبەتییەوە بوو، کە بەسەر خەڵکدا دابەش دەکرا، ڕژێم لە ڕێگای سیخوڕەکانییەوە چاودێری پرۆسەکەی دەکرد و ئەگەر بیزانییایە کەسێك ئاوارەی ئێران بووە و گەڕاوەتەوە لەو مافە بێبەشی دەکرد، واتە تەنها ئەو خەڵکانەی سنووری هەڵەبجە بۆیان هەبوو لەو پرۆژەیە سوودمەندبن، کە بەر لە کیمیاییبارانکردنی هەڵەبجە ناوچەکەیان بە ئاڕاستەی سلێمانی بەجێهێشتبوو و خۆیان گەیاندبووە ناوچەکانی ژێردەستی ڕژێم، سەرباری ئەوەش لە قۆناغی سێیەمی پێدانی پێشینەکەدا بەعسی بوونی کردبوو بە مەرج بۆ پێدانیان .

دواتر بەپێی فەرمانێکی سەدام حسێن ناوی قەزاکە لە برایەتی وەرگیرایەوە و شاره نوێیەکە کرا بە ناوەندی قەزا و ناونرا هەڵەبجەی سەدامی(صدامیه حلبجه)، ناحیەی زەڕایەنیش، کە پێشتر سەر بە قەزای دەربەندیخان بوو ناوەکەی گۆڕدرا بە ناحیەی شارەزوور و خرایە سەر هەڵەبجەی سەدامی . ناونانی شارەکەش بە (هەڵەبجەی سەدامی) وەك "ڕێزێك" بوو، بۆ ئەو سەدامەی، کە بە چەکی کیمیایی، کیمیاییبارانی هەڵەبجەی کرد بوو. (عەلی، ٢٠١٨: ل٢٦٧)


دوای تەواوبوونی شاره نوێیەکە و گواستنەوەی دامەزراوەکانی قەزای هەڵەبجە و گەڕانەوەی بەشێك لە کارمەندان بۆ وەزیفەکانیان لە دامەزراوە جیاوازەکاندا، بوار درایە ئەوانەش کە نیشتەجێی شاری هەڵەبجەی تازەن بۆئەوەی وەك فەرمانبەر کاری خۆیان بکەن.

لە پاش ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بەهۆی وێرانبوونی شاری هەڵەبجە و تەواوی ناحیە و گوندەکانی، بەشێکی خەڵکی ناوچەکە لەو ئۆردووگایانەی کە پێشتر لێی نیشتەجێکرابوون گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان وەك لە نەخشەی(٥) دیارە، شاری هەڵەبجە پشکی گەورەی بەرکەوت لە نەگەڕانەوەی بەشێکی زۆر لە دانیشتوانەکەی، چونکە سەرباری لێبوردنە گشتییەکەی حکومەتی عێراق (١٩٨٨/٩/٦ – ١٩٨٨/١٠/٦) بەشێك لە ئاوارەکان ئامادەنەبوون کە بگەڕێنەوە بۆ عێراق، بەڵکو لە ئۆردووگاکانی خۆیان لە ئێران مانەوە، وەك ئۆردوگاکانی سونغوری کولیایی، کەنگاوەر، سەریاس. هەندێکیشیان بە ڕێگای نایاسایی کۆچیان کرد بۆ هەندەران، هەروەك هەندێك لەو بریندارانەی کە نێردرابوون بۆ هەندەران بەمەبەستی چارەسەر نەگەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان. بەشێکی زۆریش لەوانەی کە گەڕانەوە بۆ عێراق دوای ڕاپەڕین بەهۆکاری جیاواز لەو شار و شارۆچکە و ئۆدووگایانەی کە لێی گیرسابوونەوە، یان نیشتەجێ کرابوون مانەوە و نەگەڕانەوە بۆ شاری هەڵەبجە.

بەکورتی، هەموو ئەو کەسانەی کە بەهۆی تاوانی کیمیاییبارانی شارەکەوە بوونە قوربانی، یاخود ئاوارەبوون و نەگەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان ڕۆڵی کارا و کاریگەریان بینی لە کەمبوونەوەی قەبارەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە، بەراورد بەقۆناغی پێش کیمیاییبارانکردنی، هەتا ئێستاش شوێنەوار و کاریگەرییەکانی کیمیاییباران بەسەر قەبارەی دانیشتوانەوە دیارە، بەشێوەیەك سالانە چەندین بریندارى کیمیایی دەبنە قوربانی و ژمارەیەکی زۆریش بە بڕ و ڕێژەی جیاواز بەرکەوتەی ئەو چەکەن و بەدەست کاریگەرییەکانییەوە دەنالێنن، هەموو ئەمانەش ئاماژەن بۆ کەمبوونەوە و بوونە قوربانی دانیشتوان و کاردەکاتە سەر ئاڕاستەی زیادبوونی دانیشتوان، بەجۆرێك قەبارەی دانیشتوان ڕوو لە کەمبوونەوە دەکات.

لە کۆتایی ئەم تەوەرەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، کە کەمبوونەوەی قەبارەی دانیشتوانی شارەکە تەنها بەهۆی شەهید و بریندارەکانەوە نەبووە، بەڵکو کۆچکردن و ئاوارەبوون و نەگەڕانەوەی بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی شاری هەڵەبجە بووە بە هۆکارێکی سەرەکی و بنچینەیی لە کەمبوونەوەی قەبارەی دانیشتوانەکەی، بەشێوەیەك بە بەراورد بە قۆناغی پێشوو ڕوو لە کەمبونەوە بووە. بەواتایەکی تر دەتوانین بڵێین، ئەو بڕەی کە زیادی کردووە کەمە و بەراورد ناکرێت بەو زیادبوونە سروشتییەی کە بەپێی یاسای زیادبوونی دانیشتوان بۆ هەر ناوچەیەك دیاری دەکرێت، کە بەجیاوازی نێوان لەدایکبوون و مردن و کۆچ ڕوودەدات. بەپێی ڕەگەزەکانی زیادبوون ژمارەی دانیشتوان. دەکرێت بڵێین، ئەو زیادبوونە کەمە لە ماوەی ساڵانی (١٩٨٨- ٢٠٠٢) کە (٤٨٢١) کەسە، زیاتر ئاڕاستەی زیادبوونی سروشتی بووە نەك کۆچکردن بۆ شارەکە، یاخود گەڕانەوەی دانیشتوانی ئاوارەی دەرەوەی شارەکە.


نەخشەی(٤) ئاڕاستەی ئاوارەبوون و هەڵهاتنی خەڵکی شاری هەڵەبجە بۆ دەرەوەی شارەکە لە ساڵی ١٩٨٨



کاری توێژەران پشتبەستن بە ؛ چاوپێکەتن لەگەڵ کەمال میرزا عەبدوڵڵا(خەڵکی شاری هەڵەبجە)، هەڵەبجە، ٢٠٢٤/١٢/٢٦ ؛ عەبدوڵڵا، مقداد عمر، ل١٨ ؛ ، ٢٠٢٤/١٢/١٧،

بەکارهێنانی بەرنامەی Gis 10,8.

نەخشەی(٥) ئاڕاستەی گەڕانەوەی ئاوارەکانی هەڵەبجە لە ئۆردووگاکانەوە بۆ شارەکە



کاری توێژەران پشتبەست بە: حداد، هاشم یاسین حمد أمین، ئەوانی تر ، ل ٢٠ ؛ علی، عادل صدیق، ٢٠٢٠: ل٣٢٩- ٣٣١ ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر عەبدوڵلا تۆفیق (خەڵکی شاری هەڵەبجە)، هەڵەبجە، ٢٠٢٤/١٢/١٧ ؛ چاوپێکەتن لەگەڵ کەمال میرزا عەبدوڵلا(خەڵکی شاری هەڵەبجە)، هەڵەبجە، ٢٠٢٤/١٢/٢٦ ؛ بەکارهێنانی بەرنامەی Gis 10,8

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەدا گەیشتووین بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١- شوێن و پێگەی شاری هەڵەبجە بایەخی خۆی هەیە، بەوپێیەی یەکێکە لە شارەکانی نێوچە شاخاوییەکان و شوێنێکی گرنگی هەیە، کە بووەتە هۆی بەستنەوەی ناوچەی دەشتایی بە ناوچەی شاخاوی و لە ڕابردوودا ناوەندی کارگێڕیی قەزا و ئێستاش ناوەندی پارێزگای هەڵەبجەیە، ئەوەش کاریگەری هەبووە لەسەر کۆبونەوەی زۆرترین ژمارەی دانیشتوان لەسەر ئاستی قەزا لە ڕابردوو و ئاستی پارێزگا لە ئێستادا.

٢- گرنگترین ئەو گازانەی لە کیمیاییبارانکردنی هەڵەبجەدا بەکارهاتوون بریتی بوون لە: خەردەل، سارین، تابوون، VX، سیانید، هایدرۆجین (AC).

٣- ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨ لە (٣٢,٢٪) کۆی دانیشتوانی قەزاکەی پێکهێناوە، بەرزترین ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجە لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٧-١٩٨٨ (٦,١٪) بووە، واتە پێش کیمیاییباران، پاش کیمیاییبارانیش نزمترین ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٨٨ -٢٠٠٢ (٠,٨٪) بووە، واتە بەراورد بە قۆناغی پێش کیمیاییباران ڕێژەی گەشەی دانیشتوان (٥,٣٪-) ڕووی لە کەمبوونەوە کردووە.

٤- ساڵی ١٩٨٨ شاری هەڵەبجە لە (١٤) گەڕەك پێکهاتبوو، کۆی ڕووبەرەکەشی (٤٢٠,٨٧)هێکتار بووە، گەڕەکی دەروازەی شار(زەمەق) گەورەترین گەڕەکی شار و ڕووبەرەکەی(٧٤،٠٣) هێکتار بووە، گەڕەکی جولەکانیش بەڕووبەری (٥,٠٤) هێکتار بچووکترین گەڕەکی شارەکەی پێکهێناوە، هەریەك لە گەڕەکەکانی(کانیبە قولکە، مامۆستایان و شارەوانی یەك و دوو) زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی شاریان پێکهێناوە و کۆی ژمارەی دانیشتوانیان (١٣٨٩١) کەس بووە، کە ڕێژەی(٣٦,٤٪)ی کۆی ژمارەی دانیشتوانی شارەکەی کردووە، هەریەك لە گەڕەکەکانی پیرمحەمەد، فەرمانبەران، دەروازەی شاریش کەمترین ژمارەی دانیشتوانی شاریان پێکهێناوە و کۆی ژمارەی دانیشتوانیان(٦٤٨١) کەس بووە، بەڕێژەی (١٧٪) کۆی ژمارەی دانیشتوانی شاریان پێکهێناوە.

٥- لە کاتی بۆردوومانی کیمیایی سنوورەکەدا نزیکەی (٢٧) بۆمب بەر ناو شاری هەڵەبجە کەوتوون، زۆرترین بۆمبی کیمیایی بەر گەڕەکی پیرمحەمەد کەوتووە کە (٦) بۆمب بووە و کەمترینیش (١) بۆمب بووە، کە بەر گەڕەکەکانی باخی میر و شارەوانی کەوتوون.

٦- کاریگەری بۆمبە کیمیاییەکان لەسەر دانیشتوانی شاری هەڵەبجە بەجۆرێك بووە کە مەترسی مردن لە شوێنی کەوتنی هەریەکێك لە بۆمبە کیمیاییەکان بە دووری ٤٥٠مەتر بووە بە دەوروبەری شوێنی کەوتنی بۆمبەکان، بەڕادەیەك بەڕێژەی ١٠٠٪ مەترسی مردنی دروستکردووە و بەدووری ٢٠٠٠مەتریش مەترسی مردن و بریندارببوونی هەبووە، واتە بە نزیکەیی ٢٤٥٠مەتر بەدەوروبەری شوێنی کەوتنی بۆمبە کیمیاییەکان مەترسی مردن و بریندارببوونی دروستکردووە.

٧- بەپێی بەرکەوتنی شوێنی بۆمبەکان لەناو شاری هەڵەبجە بۆمان دەردەکەوێت، کە بە ڕووبەری ٧کم ناوچەی مەترسی مردن و ڕووبەری ٣١کم مەترسی مردن و بریندارببوونی دروستکردووە.

٨- کاریگەری بۆمباران بە چەکی کیمیایی لەسەر قەبارەی دانیشتوان بەجۆرێك بووە لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٧-١٩٨٨ قەبارەی دانیشتوان بەڕێژەی (٩٢٪) زیادی کردووە و ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانیش بەڕێژەی(١,٦٪) بووە، واتە پێش کیمیاییباران، بەڵام لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٨- ٢٠٠٢ کە ماوەی کیمیاییباران و دواترە قەبارەی دانیشتوان بە ڕێژەی (١٢,٦٪) زیادی کردووە و ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانیش بەڕێژەی(٤,٩٪-)ڕووی لە کەمی بووە.

٩- ئاڕاستەی ئاوارەبوون لە شاری هەڵەبجە بۆ دەوروبەری بەهۆی کاریگەری بۆمبارانی چەکی کیمیایی بە نزیکەی(٧) ئاڕاستە ئاوارەبوون و هەڵهاتن، لە ناوخۆی وڵاتی ئێران بەئاڕاستەی سێ پارێزگای وڵاتی ئێران ئاوارەبوون و دابەشبوون بەسەر (١١) ئۆردووگا، لە پاش گەڕانەوە بۆ وڵاتی عێراق و دابەشبوون بەسەر (٦) ئۆردووگا، دوانیان لە پارێزگای هەولێر و شەشی تریان لە پارێزگای سلێمانی بوون، ئەوە سەرەڕای

گیرسانەوەی بەشێکی تری ئاوارەکان لە ژمارەیەك لە شار و شارۆچکەکانی پارێزگای سلێمانی و خواروو‌ی عێراق.

١٠- بەپێی هەندێك لە ئامارەکان تەنها ژمارەی قوربانیانی خەڵکی سڤیلی شارەکە (٣٢١٥) کەسە و (١٠ – ٢٠) هەزار کەس بریندار و زیاتر لە (٤٠ – ١٠٠) هەزار کەسیش کۆچیان کردووە و ئاوارەبوون لە ناوخۆ و دەرەوەی عێراق. ئەنفالبەت ئەم ئامارە قوربانیانی هێزی پێشمەرگە، سوپای پاسداران، هێزی بەدری سەر بە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی، لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران(دیموکرات، کۆمەڵە، سوپای ڕزگاری، عەشائیری موعارەزەی ئێران، سوپای عێراق و جاش) و خەڵکانێکی تری بەجۆرێك لە جۆرەکان تۆمارنەکراو لە ڕیزی قوربانیانی کیمیاییبارانی هەڵەبجە لەخۆناگرێت، کە هەر لەو پرۆسە سەربازییەدا بوونەتە قوربانی.

پێشنیازەکان

لە ژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامی توێژینەوەکەدا ئەم پێشنیارانە دەخەینەڕوو:

١- بەلەبەرچاوگرتنی شوێن و پێگەی شاری هەڵەبجە، کە دەوڵەمەندە بە بنەما سروشتیی و مرۆییەکان دەتوانرێت سودی لێوەربگیرێت بۆ دووبارە زیادبوون و گەشەی دانیشتوان.

٢- هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی دانیشتوانی ئاوارە بۆ شارەکە، ئەویش بە قەربووکردنەوەی ماددیی و مەعنەوییان و پاشان دابینکردنی خزمەتگوزارییە شارستانییەکان بەشێوەیەکی ڕێك و دادپەروەرانە و قەرەبووکردنەوەی ئەوانەی کە تا ئێستاش سوود مەند نەبوون و لەدوای ئەو کارەساتە گەورەیە،دەکرێت بڵێن دەبێتە ڕێگە چارەسەر بۆ دوو بارە گەڕانەوەی بەشێکی ئاوارەکانی شارەکانی تری هەرێم. گرنگە لایەنی پەیوەندیدار کاری لەسەر بکات و پاشان بایەخ بدان بە ئاوەدانی و کارکردن لە تەواوی ئەو کەرتانەی کە ڕۆڵیان هەیە لە ڕاکێشانی دانیشتوان بە ئاڕاستەی ئەم شارە.

٣- کارکردن بۆ بەجێنۆسایدناساندنی کەیسی کیمیاییبارانی هەڵەبجە لەلایەك بۆ دووبارە نەبوونەوەی ڕووداوی لەم جۆرە، لەلایەکی تر سزادانی بەرهەمهێن و جێبەجێکاری ئەم تاوانە و ناچارکردنی لایەنی تاوانبار بە قەرەبووکردنەوەی ماددیی و مەعنەوی شارەکە.

٤- چارەسەرکردنی بریندارانی چەکی کیمیایی، هەتا بتوانرێت مەترسییەکانی مردن کەمتر بکرێتەوە، بۆئەوەی کار لە قەبارەی دانیشتوان نەکات.

٥- بەنێودەوڵەتیکردنی کەیسی کیمیاییبارانی هەڵەبجە و کارکردن بۆ ناساندنی شارەکە وەك ناوچەیەکی قوربانی جەنگ و چەکەکۆکوژ و قەدەغەکراوەکان لە لایەن دام و پەیوەندی دارەکان بەم کەیسە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، هەتا بتوانرێت لەم ڕووەوە شاری هەڵەبجە لە چەندین بواردا خزمەت بکرێت لە بەرانبەر ئەو قوربانییەی کە داویەتی.

سەرچاوەکان

کوردی:

کتێب

١- عەلی، عادل صدیق، کاریگەری کیمیاییبارانی هەڵەبجە لەسەر ڕەوشی مرۆیی خەڵکی شارەکە، لە کتێبی (هەڵەبجە شارێکی بچووك و مێژوویەکی دەوڵەمەند)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ناوەندی ڕێنوێن، ٢٠٢٠.

٢- عەلی، عادل سدیق، کۆمەڵکوژی کورد لە جەنگی ئێران- عێراقدا (هەڵەبجە(١٩٨٨/٣/١٦)بەنمونە، چاپخانەی ڕێنوێن، سلێمانی، ٢٠١٨

نامەی ماستەر

١- میرزا، هەورامان کەمال، فراوانبوونی شاری هەڵەبجە و کاریگەرییە ژینگەییەکانی، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، کۆلێژی ئەدەبیات (زانکۆی صلاح الدین)، ٢٠١٣.

ئەتلەس

١- حداد، هاشم یاسین حمد أمین، سەردار محمد عبدالرحمن، هوشیار محمد أمین خۆشناو، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستان و عێراق و جیهان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩ .

٢- عەبدوڵڵا، میقداد عومەر، ئەتڵەسی پارێزگای هەڵەبجە، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی دۆستانی هەڵەبجە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕێدار، ٢٠٢١.

بڵاوکراوە و چاپەمەنییە حکومییەکان:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری، ٢٠٢٤.

٢ – وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەڵەبجە، سەرۆکایەتی شارەوانی هەڵەبجە، نەخشەی بڵاونەکراوە، ٢٠٢٤.

٣- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامی گشتی و سەرەتاییەکانی ژمارەلێدان و گەمارۆسازی (الترقیم و الحصر السکانی)، پارێزگای سلێمانی، ٢٠٠٩، ٢٠١٠.

٤- کۆمپانیای فیوپایەنیر، بەشی Gis، چاپی یەکەم، بەهاری ٢٠١١.

عەرەبی:

کتێب

١- الخفاف، عبد علی، عید مخور الریحانی ، جغرافیة السکان، مطبعة جامعة البصرة، البصرة، ١٩٨٦.

٢- هروری، نشوان شکری، سکان محافظة دهوك (١٩٤٧- ٢٠٠٦), أتجاهات النمو الطبیعیة التوزیع (دراسة جغرافیة-کارتوجرافیة وفق المناهج البحثیة المعاصرة و نظم المعلومات الجغرافیة(GIS)، مطبعه الحاج هاشم،أربیل، ٢٠١٢.

چاپەمەنی و بڵاوکراوە حکومییەکان

١- الجمهوریة العراق، وزارة التخطیط، الجهاز المرکزی الاحصاء، نتائج ترقیم المبانی وحصر السکان لسنة(١٩٧٧)، لمحافظة السلیمانیة، ١٩٧٧، ص٤٠١، جدول رقم(٢).

٢- الجمهوریة العراق، وزارة التخطیط، الجهاز المرکزی الاحصاء، نتائج ترقیم المبانی وحصر السکان لسنة(١٩٨٧)، لمحافظة السلیمانیة جدول ت/س١/١/ج.

٣- مدیریة احصاء السلیمانیة، المؤشران السکانی و البین اخدمیة و الارتکازیة لأقلیم کوردستان العراق لسنة (٢٠٠٢)، نتائج أحصائیة فی عدد السکان و الاسرة فی الحضر المبانی السکنیة ، وعدد المدارس و المعاهد و المرکز الصحة و المساج و المشارع الماء و الکهرباء، ٢٠٠٢

ئینگلیزی:

1-For official use only، Navy EODB،Army TM Air for E to 60A- 1-1-11

2- Hand book of Ammunition used، in Iraq and surrounding aras، prepared by foreign ordnance branch، u.s.army Armament Research، Newjersey،October 2005،revision 5.)

3-Iraq ordnance dentification Guideg prepayed by naval explosive Ordnance Tectnvo fogy Division، Spon-

sared by OSD، DSCA)

4-Clarke ، Johan ، population Geography،pergman، oxford، 1972

چاوپێکەوتن:

-چاوپێکەتنی توێژەران لەگەڵ جەمیل کەمال لە شاری سلێمانی، پسپۆڕی چارەسەرکردن و لەناوبردنی زەخیرە و چەکی جەنگی، ڕاهێنراوی پلە باڵای نێوخۆی و نێودەوڵەتی و ئەزموونی کارکردنی بۆ ماوەی (27) ساڵ، (11/12/2024).

-چاوپێکەتنی توێژەران لەگەڵ بەڕێز عمرعبدالله تۆفیق (خەڵکی شاری هەڵەبجە)، هەڵەبجە، 17/12/2024.

-چاوپێکەتنی توێژەران لەگەڵ کمال میرزا عەبدوڵڵا(خەڵکی شاری هەڵەبجە)، هەڵەبجە، 26/12/2024